# لێکچواندن لە هۆنراوەکانی " صابری " دا

م.ی.حەسەن عەلی عومەر
زانكۆی پولی تەكنیكی هەولێر/ پەیمانگای تەكنیكی كارگێری هەولێر

تاريخ استلام البحث :٦ / ١٢ / ٢٠١٥     تاريخ نشر البحث :٢٥ / ١ / ٢٠١٦

**پێشـــــەكـی**

لێكچواندن بە دیارترین و بەرفراوانترین هونەری ڕوونبێژی بەتایبەتی و ڕەوانبێژی بەگشتی دادەنرێت، کە پانتایەکی زۆری لە هونەری شیعریدا بۆ خۆی گرتووە ،بۆیە دەتوانین بەبێ یەك ودوو بڵێین لێكچواندن بەهەمان شیوەی شیعر چۆن تائێستا نەیتوانیوە دەستبەرداری ئەم هونەرە ئەدەبییە ببین کە هونەری شیعرە ،ئاواش لە ڕابردوو ئێستاو داهاتوودا نەتوانراوەو ناتوانرێت پشتگوێی بخرێت. هەر ئەو پایە گرنگەی لێكچواندنە وایكردووە زۆرترین بیروڕا لەلایەن نووسەرو ڕەخنەگرانەوە لە بارەی چەمك و پێناسە و بنەماو جۆرەكانییەوە بخرێتەڕوو،

صابری یەکێکە لەوشاعیرە سەرکەوتووانەیە کە زۆر لەهونرە ڕەوانبێژییەکانی بەکارهێناوەو وەستایانە لەم بوارەدا ئەسپی خۆی تاوداوە، بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەم هونەرەی بەکارهێناوە وەڕەنگی داوەتەوە لەشیعرەکانی،ئەمەش دەست ڕەنگینی ئەم شاعیرەمان بۆدەخاتەڕوو،لەم توێژینەوەیەدا کە لەژێر ناونیشانی(لێکچواندن لەهۆنراوەکانی"صابری"دا) دایەو،دابەشبووەتەسەرسێ بەش،لە بەشی یەکەمدا هەوڵدراوە ئاوڕ لەچەمك و زانستەکانی ڕەوانبێژی ولێکچواندن بدرێتەوەو، لەبەشی دووەمدا لەبەر ڕۆشنایی نموونە شیعرییەکانی شاعیردا بەمەبەستی دەستنیشانکردنی دابەش بوونی لێکچواندن بەپێی بنەماسەرەکییەکان و ناسەرەکییەکان و جۆرەکانی ئەوزار لەهونراوەکانی شاعیر،چەند یاساو بۆچوونێکی نوێمان پێش چاو خراوە. بەڵام بەشی سێ یەم ، دەبێتە دوو تەور لە تەوەری یەکەم ئاماژە بۆ جۆرەکانی لێکچواندن دەکرێ بەپێی هۆشی وهەستی بەڵام لەتەوەرەی دووەم دا جۆرەکانی لێکچواندن دەستنیشان دەکرێ لەلای شاعیر بەپێی شێوەی درووست بوونی.دوای ئەمەبەچەند خاڵێ ئاماژە بە ئەنجامەکان کراوە و کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و نووسراوەو لیستی پەراوێزەکان و سەرچاوەکان تۆمارکراوە .

## بەشی یەكەم

## ڕەوانبێژی و صابری

### تەوەرەی یەكەم_چەمك و پێناسەی ڕەوانبێژی

بۆچەمك وپێناسەكردنی زاراوەی(رەوانبێژی)بیروبۆچوونی زۆرو جیاواز هەیە لەئەدەبی جیهانی بەگشتی ولەئەدەبی كوردیش بەتایبەتی:بۆنموونەئەم نەتەوانەچۆن دەڕواننەزاراوەی ڕەوانبێژی.یۆنانی یەكان:دەڵێن (ڕەوانبێژی)دابشكردنێكی دروست وگونجاوەلەگەڵ هەڵبژاردنی ووشەی پوختەوجوان.بەلاَم هندییەكان:دەڵێن: (ڕەوانبێژی)بریتیەلەدەربرینی هەست و سۆزبەئاسانی وبەئاشكرای.وەعەرەبیش:دەڵێت (ڕەوانبێژی)كورت بڕی بێ كەم وكوڕی ودرێژبڕی بێ زیادەیە.كەچی كورد دەڵێت:(ڕۆڵە قسە بیگێژە,بیبێژە, بیوێژە).واتاكاتێك كوردێك ئامۆژگاری كوڕەكەی دەكات پێی دەڵێت ڕۆڵە(ئەگەرویستت قسەبەكەیت لەپێشدا وەك(گەنم)دەكرێت بە(سەرەند) وئەیگێژن.لەپاشان دەیكەن بە(بێژنگ)داو(دەیبێژن).ئەوساپوخت دەبێ وكەڵكی ئەوەدەدابكرێتەگەرووی ئاشەوە (ئاسیاو).بۆئەوەی بكرێ بەئارد.ڕۆڵە:قسەكەی تۆش بابەم چەشنەبێت لەپێش دا لێی وورد بەرەوە لە هەڵەو لە چەوتی،لەشتی زیادەوناڕەسەن پاكی بكەوە.بۆئەوەی بەجوانی وپوختەیی دەری بریت.كەواتە بەپێی ئەوپەندە: كوردحەزی لەقسەی پڕوپووچ نەكردووەو نایكات.بەڵكوهەرتەنها مەبەستی پوختەیی یەلەقسەدا.كە بەڕەوانبێژی ڕاستەقینەدادەنرێت(١).شاعیران ونووسەرانی ئەدەبیش هەریەكیان بەجۆرێك دەڕواننەڕەوانبێژی،هەریەكەیانیش بەشێوەیەك پێناسە بەجۆرێك لێكدانەوە بۆچەمكی ڕەوانبێژی دەكەن.لەوانە زانای گەورەی ئەورووپی(لاهارب): دەڵێت"ڕەوانبێژی دەربڕین و واتادانەوەی ڕاست وپەسەندە لەسۆز وهەست ونەست دا"(٢).هەروەهاجان پۆل سارتەر:دەڵێت (ڕەوانبێژی یەزدانێكی پەنهانی یەلەسینگی مرۆڤدایە).هەرلەبارەی ڕەوانبێژییەوە زۆر لەزاناو نووسەرەعەرەبەكان دوواون چەندینیان:گووتوویانە ڕەوابێژی بریتییە لەدرێژبڕی بێ كەم وكورتی،بەلاَم نووسەری گەورەی عەرەب{جاحڤ}بەپێچەوانەی ئەو نووسەرانەوەدوواوەودەڵێت: ڕەوانبێژی بریتییە لەپێكانی واتاوخستنەڕووی مەبەست بەبێ زیادەوكورت كردنەوە.(٣). وەنووسەری عەرەب خەلیلی كوڕی ئەحمەد الفراهیدی :دەڵێت"ڕەوانبێژی ئەوشتەیە كە هەر دووسەری هاتۆتەوە یەكتروكەچی بناوانی بێ پایانە"(٤).وەلەشوێنێكی تر ابوهیلال عسكری دەربارەی ڕەوانبێژی دەبێژێ:"پێگەیاندنی هەموو واتا لەدڵی گوێگرو وەتوانستت لە دەرونی وتوانستی لەدەروونت لەگەڵ وێنەیەك چێی ڕەزامەندی بێت ووااتایەكی چاك. لەسەرئەوەی مەرچی ڕەوانبێژی دەبێت واتاكەی زانراوبێت وگووتەكەی چێی ڕەزامەندی بێت،واتەبریتییەلەدەرخستنی واتاو چاككاری گوفتار.

بەلاّم ئیمام علی(رەزای خوای لیّ بیّت)،دەلّیّت:پوونبیّژی دەرخستنی شیّواندراوەکان وئاشکراکردنی کەم وگوڕی دوواکەوتووی بەئاسانترین شیّوە لە دەربڕین دا"(٥).وەهەیە بەشیّوەی جیاوازتر پیّناسەی بۆڕەوانبیّژی کردووەوەك د.ناصرالحلاوی وهاوڕیّیانی دەبیّژن:"ڕەوانبیّژی ئەوهونەرەیە کە دەشیّ دروستکەریان قسەکەر لە هیّنانەوەی واتای پیّوست، بەدەستە واژەی ڕاست وڕوون جوان،وە مەبەست لەمەش خرۆشاندنی دەروونی وسۆزو قایلکردنە...ئەمەش ناهیّتە دی تەنها بەهەلّبژاردنی گوفتاری باش ونایاب ودارشتن لەسەر ڕیّبازی دەربڕینی ئاخاوتن وبابەتەکان وبارودۆخی گویّگران"(٦).

عەلائەدین سجادی لەکتیّبی(میّژووی ئەدەبی کوردی)دەربارەی ڕەوانبیّژی دەلّیّت:"کەعیبارەتیّکی دلّگیری ڕەوانت بەرچاودەکەویّت.لەبەر خۆشی وڕەوانی تۆش لات وائەبیّ کە وەکو ئەو ئەتوانی بلّیّت,کەچی دیّتەسەر ووتنەکەی پیّت ناکریّ.."(٧).واتەبەبیێ هەموو ئەو پیّناسانەی کراون دەشیّت بلّیّن:-ڕەوانبیّژی بریتییە لە (رووخسارو ناوەڕۆك)بەشیّوەیەکی توند وتۆلّ باوشیان بەیەك دا کردووەو لەیەك جودانابنەوە.چونکە هەر یەکیّکیان بەبیّ ئەوەی تر وەك لەشیّك وایەبەبیّ(گیان)بیّ کەواتەووشەکان لەشن و واتاکان گیانن. .

بەلاّم د.عەبدوللاّ خدر مەولوود کاتیّ ئاماژە بۆ ڕەوانبیّژی دەکات وادەدویّت "ڕەوانبیّژی ئاویّنەیەکە گەورەیی وبیری وردوڕۆشنبیریی شاعیرنیشان دەداتەوە.هەربەهۆی ئەوەوەدەتوانین لاسایی کردنەوە لەداهیّنان جیابکەینەوە. یەکیّك لەومەرجانەی کەهیّزوتواناوگوڕی مانەوە،یانەمری بەشیعر ببەخشیّ ڕەوانبیّژییە،سۆزو ئەندیّشەکان بەویّنەی جوان و ڕازاوە دەجولّیّنیّ،ووشەوکەرەسەوچوارچیّوەکۆنەکان تازەدەکاتەوە،گریّ کویّرەکان ناهیّلّیّ وشتە شاراوە ونهیّنییکانی ژیان و دواڕۆژ ئاشکرا دەکاو پەردەیان لەسەر هەلّدەداتەوە".(٨)بەشیّوەیەکی تر ڕەوانبیّژی"بریتییەلەهیّنانەدی هونەریّك کەبەهۆیەوە تایبەتی وخاسیەتیّك دەدابەوتەو بیّژەکان کەئەرك و ئامانجی زمانەوانی فراوانتر دەکەن،بەجۆریّك دەیگۆڕیّ لەتەنیا کاری گەیاندن وگفتوگۆوە دەیکابەکەرەسەیەکی پیّکهیّنان ودروست کردنی هونەری چ لەپەخشانابیّت یالە شیعردا کە(جاحظ) بەچەمکی(پیشەیی)ناوی دەبا".(٩) ڕەوانبیّژی زۆرکات سوودمەندەبۆخویّنەروو نووسەر.ئاەوەتا د.ئەدریس ئاماژە بۆی دەکات ودەلّیّت:"زانستیّکی ڕەوانبیّژییە،بەهۆیەوەخەلّکی فیّری گەیاندنی تاکەواتاییّك دەبن،بەڕیّگەی لەیەك جیا،بەڕوون وئاشکرایی و بە شیّوازیّکی جوان"(١٠).ڕەوانبیّژی دەربڕینی واتای بەرزو ڕوونە بەواتایی پاراوو بەشیّوەیەکی واکاریگەری لە دەروونی مرۆڤدا هەبیّت ولەگەلّ باری پیّویست دا بگونجیّت.واتە"هەرئاخاوتنیّك کەدەکریّت یان نووسینیّك کە دەنووسریّت ئەوکاتەدەکەویّتەژیّر ئالاّی ڕەوانبیّژیەوەودەنگ دەداتەوە.کەبچیّتە دلّی گویّگرو بخاتەسەرهەست وسۆزیّکەوەکەهی قسەکەرە.ئەگەر وانەبیّت ڕەوان نییەولەجۆش وخرۆشیّکی گەرمەوە هەلّنەقولاّوە".(١١).

بەکورتی: لەتێکرای ڕایەکاندا ئەگەینەئەوەکەڕەوانبێژی ئاخاوتنی قسەکەرەوبەواتایەکی بەرزو ئاشکراو پاراوەو دەربڕێ وکاریگەری یەکی ئەوتۆی هەبێ بەهەست ونەستی کوێگرو خوێنەرەوەو،وەسۆزو خەیاڵی خوێنەرونووسەربەخۆیەوەبگرێ.

**تەوەرەی دووەم**:زانستەکانی ڕەوانبێژی،ئەویش پێك دێت لەسێ زانست

١-ڕوونبێژی: ڕوونبێژی چەندین واتە بەخۆیەوە دەگرێ.-لەڕووی ووشەوە:ڕوونبێژی وشەیەکی لێکدراوە،پێکهاتووە لەوشەی"ڕوون"واتە{بێ گەرد،پاك وڕەوان}،لەگەڵ وشەی"بێژی"واتای ناوێکی واتایی یە،بەم جۆرەووشەی ڕوونبێژی واتە: ئەو ووتەو ئاخاوتنەی لەڕووی واتاوە ڕوون وئاشکرایە بێ گەرد وئالۆزییە.هەروەها(علی جارم)دەڵێت:"بریتییە لەدەرخستن و ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوە"(١٢).دیارە(د.دیزییرە سقال) لەواتای ڕوونبیژی ڕای خۆی هەیەو دەلێت"ڕوونبێژی ڕوونی و ئاشکرایی یە،وەکو چۆن کوڕی عباس دەڵێت:ڕوونبێژی ئاشکرایی مەبەست بەڕەوانترین گوتە،ئەمەش ئاشکرایە(١٣).وەك چۆن خوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆز دا دەفرمێت:[بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ]:[وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ اللهُ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ]:[صدق الله العظيم].(١٤).

٢ -لەڕووی زاراوەوە:ناوی یەکێکەلەزانستەکانی ڕەوانبێژی ڕوونبێژی لەزمانی عەرەبی وشەی{البيان} یان بۆیە کارهێناوە.ڕوونبێژی(علم البيان):خوای مەزن لەقورئانی پیرۆزدا.فەرموویەتی:[بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ]: [الرَّحْمَنُ[١]عَلَّمَ الْقُرْآنَ [٢]خَلَقَ الإِنْسَانَ[٣]عَلَّمَهُ الْبَيَانَ[٤]]:[صدق الله العظيم].(١٥).واتە مەبەستی خوای گەورەو مەهرەبان لەوەدایە کە خۆی بەڕەحمەو وەمرۆڤی فێری قورئان کردووەو هەر ئەویش واتەخوای مەزن مرۆڤی خەلق کردووەو پاشانیش مرۆڤی فێری چۆنێتی خوێندنەوەی قورئان کردووە.زانایان بەچەندین شێوە پێناسەیان بۆوشەی ڕوونبێژی کردووە،لەوانە:(التفتازاني)، دەڵێت: "ڕوونبێژی زانستێکە بەهۆیەوەی گەیاندنی تاکە واتا بەڕێگەی لەیەکدی جیاوازلەڕووی واتاوەڕوون دەزانرێت"(١٦). بەشێوەیەکی تر ڕوونبێژی واتە"زانستێکە ئامانجی واتایەکە بەڕێگەو ڕێبازی جیاواز بۆسەلماندنی لەسەرئاشکرایی، وە مەبەستیان لەمەیەك واتایی یەنموونە:{ئازایی ونەترسی یان ڕێزلێگرتن}،دەشێ دەربڕین لەسەری بەشێوەوڕێگەی جیاوازبێت ،ووتەبێژیان داهێنەر ئەوخۆی ئەوشێوەڕاڤەیەهەڵدەبژێرێ بۆگەورەترین وبەهێزترین وکاریگەرترین ئاشکرایی لێ بێتەدی"(١٧).

ڕوونبێژی بریتییە لە لێکچواندن وخوازەو درکە.کەئەمانەش لەئەدەب دا دەسکردی سۆزن.هەروەها لە هەست وسۆزو ناخی نووسەردا دەردەکەون,کەواتەڕوونبێژی بەشێکی سەربەخۆیە لەڕەوانبێژی ولەبابەتانە دەردەکەوێت کەچۆنییەتی گەیاندنی بیروهەست وئەندێشەوسۆزشی دەکاتەوە.

وەزمان لەهەموو سستەمەکانی تری دەربڕین باڵاترەو ئاڵۆزترە.لەگەڵ ئەوەشدا زمان ناتوانێ هەست وسۆزی خۆی بەوجۆرەی کەخۆی هەستی پێ دەکات دەرببڕێ,ئەوەی ووشەکان دەیگەیێنن بە بەشێکی زۆرکەم لەوهەست وبیرەراستەقینەی لەدڵ و دەروونی قسەکەردا وورووژاوە.لەهەمان کات ڕوونبێژی لەڕووی زاراوەوە"بریتیە لە وزانستەی کار بۆدەرخستنی واتایەك بەچەندڕێگەیەکی جیاوازدا،هەندێکی ڕوونترەلەهەندێکی کە،وەکاریگەریترە لەوەی تر،هەریەك لەم ڕێگایانە تایبەتمەندی خۆی هەیە لەوێنەی واتا،وەپێشکەوتنی لەوەی ترهیچ جیاوازی نییە".(١٨).دەربارەی ڕوونبێژی مامۆستا عەزیز گەردی وا ڕای خۆی دەربڕی وە:"ڕوونبێژی مەیدانێکی پان وبەرینە قسەکەروگوێگر, یان نووسەروخوێنەری تیا ئەسووڕێتەوە،یەکەمیان وسۆزی تەواوی دڵی خۆی ئەخاتەدڵی دووەمیان ولە سەرچاوەی بیرو باوەڕی خۆی ئاوی دڵی ئەدات،وەدووەم دەم ئەنێتە شیلەی بیری یەکەم چوڕ چوڕ هەڵی ئەمژێ. جا ئەم گۆڕینەوەی سۆز و واتایان ڕاگەیاندنی بیرورایەبەهۆی هەرشتێکەوەبێت. ئەوشتەڕوونبێژی یە".(١٩).

–<u>جوانکاری:</u> دیارە دەربارەی جوانکاری بەهەمان شێوەی ڕوونبێژی چەندین ڕاوبۆچوون هەیە لەوانە(علی جارم ومصگفی أمین).لەکتێبی(البلاغه الواچحه)ە،وا ئاماژە بۆجوانکاری دەکات:"جوانکاری لە توێژینەویەك تێناپەڕێ کە کار بۆ جوانی ئاخاوتن و واتا بەڕەنگێکی داهێنراو لەجوانی گوفتار یان واتایی،وە جوانکاری بەوە دەناسرێ زانستی کۆکراویە بۆ ئەم توێژینەوانە ،وەبریتییە لەچاککاری ووتەیی،وەلەچککاری واتایی"(٢٠). د.ادریس عەبدوڵلا دەربارەی جوانکاری دەڵێت:."جوانکاری یەکێکە لە سێ بەشەکانی زانستی رەوانبێژی, لەعەرەبی دا{البدیع}ی پێدەوترێ,ووشەیە کە لە ڕووی زمانییەوە بریتییە لەداهێنانی شت یان بەواتایەکی تر{البدیع}بەووشەیە دەگوترێ کەبۆ یەکەمجار دادەهێنرێ."(٢١).لەقورئانی پیرۆزیش دا واباس لە جوانکاری کراوە،دەفەرموێت:[ بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَإِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ](٢٢). د.عەبدوڵلاخدر مەولوود واپێناسەی بۆ جوانکاری کردووە:دەڵێت"جوانکاری واتە(البدیع)بەوزانستەدەناسرێ کەجوانی بە ڕووەکانی قسەدەبەخشیٚ"(٢٣).وە"جوانکاری بەوەش پێناسەدەکرێ بەرێبازی چاککردنی ئاخاوتن،وە جوانکاری دابەش دەکرێتە دوو بەش:یەکیان دەگەڕێتەوە بۆگوفتار ئەویش پێی دەووترێ(چاککاری ووتەیی)،بەڵام ئەوی تر بۆ واتا دەگەڕێتەوە،بۆیە پێی دەووترێ(چاککاری واتایی)"(٢٤).

<u>جوانکاری بەدووجۆر کاردەکات :</u>–ا–ڕازاندنەوەی ووشە. ب–ڕازاندنەوەی واتا,{گوزارە}.
ئەرکی سەرەکی جوانکاری لەوە دایە کە سەیری پارچە ئەدەبی یە کە دەکات ولایەنی جوانی ئەدۆزێتەوە ولێیان وورد دەبێتەوەو هەڵیان دەسەنگێنێت.

٣-واتاناسی:ئەم زانستە بە چەند شێوەیەك پێناسە كراوە لەوانە"ئەوزانستەیە كەخۆی دەپارێزێ لە هەڵە،وە لەهەوڵی دەست كەوتن وبەدیهێنانی واتای مەبەست."(٢٥).ئەم بەشە ڕوودەكاتە ناوەڕۆك و واتای دەقەكە.وە باسی ئەوە دەكات كەپێش و پاشكردنی ناوو كردارەكان, هەڵبژاردنی(ووشەی پرس)چۆن كاردەكاتەسەر واتای گشتی بەرهەمەكە.علي جارم ومصكفى أمين لە كتێبی(البلاغةالواضحة)ە،كاتێ پێناسەبۆ واتاناسی دەكەن دەڵێن:"واتاناسی بریتییە لەكۆیی واتا،واتاش لەزمان دا مەبەست وخواستە.وە پێناسە بۆ واتاناسی لە ڕووی زاراوەوە:.بریتییە لەو زانستە كە دەناسرێ بەجێهێنانی ئاخاوتن تاكو دەبێتە هاوواتایی گونچاو وپارێزراو لەكەوتنی لە واتایی هەڵەكە قسەكەر نایەوێت"(٢٦).

ڕوونكردنەوە بۆ واتاناسی:.

١-ئەوزانستەیە قسە دەبەستێتەوە بەیەكەوە,پێهەڵواسینی ئاخاوتنەكان هەندێ بە هەندێكی ترەوە.

٢-بریتییەلەوزانستەی بۆسەلماندنی ئەوگوتەیەی كە دەوترێت:لەهەموو شوێنێك ووتەو گوفتاری خۆی.

٣-بریتیە لەو زانستەی كە كار بۆ هێنانی گوتەی هاوسەنگی بێت بۆ ڕیزبەندی واتا لە دەروونی قسەكەر.

**تەوەرەی سێ یەم: پێناسەی لێكچواندن و بنەماكانی**

لێكچواندن: هونەرێكی كۆن وفراوان و وردی ڕەوانبێژییە,بەیەككرتن و وەك یەكی لەنێوان دووشت یا زیاتر پیشان دەدا,دەمێكە مرۆڤ شەیدایەتی بۆهێنانەدیی خەون وخەیاڵەكانی،ئاوێنەیەكە دەروون و ژوورەوەی شاعیری لێی ئاوەژوودەبێتەوەسەرەداوی نهێنی وشتەشاراوەكانی شاعیرلەوەوە بەدەست دێ.(٢٧).ماموستا علاوالدین سجادییش،لەبارەی لێكچواندنەوە لەكتیبی خۆشخوانی دا دەڵێ:"وەك یەك بۆ هەڵدانەوەی پەردەیە لەسەرشتێكی نادیار،ئەمەش بۆئەوە كە شتی نادیار لە ئارادا نەمێنێ وئاشكرایی بێتە مەیدانەوە"(٢٨).هەروەها دەتوانین بڵێن لێكچواندن"ئاسانترین جۆری ئەوپێكهێنەرە ڕەوانبێژییانەیە كەوێنە بنیات دەنێت،شاعیریش زیاتر

سەربەست دەبێت ومەودایەكی فراوانتریشی لەبەردەمدا دەكرێتەوە"(٢٩).وەد-ئیدریس عەبدوڵلا دەڵێت "لێكچواندن بریتییە لەچواندنی شتێك بەشتێكی دیكەوە،لەبەرهەبوونی سیفەتێك،یان زیاتر لەسیفەتێكی هاوبەش لەنێوان هەردووشتدا،ئەمەش بەزیاتر لە شێوازێك پێشكەش دەكرێ،هەیانەڕاستەوخۆوبێ بەكارهێنانی ئەوزارو ڕووی لێكچواندن،هەشیانە بەسوود وەرگرتن لەئەوزار وڕووی لێكچواندن،جالەهەردووكیان،یان لەیەكیان "(٣٠).

بەم شێوەیەچواندن هونەرێکە لەهونەرە هەرە باوەکانی ڕەوانبێژی ئاشکراکردن ودیارخستنی سیفەتێکی شتێکە لەڕێگەی سیفەتی شتێکی ترەوە کەئەوسیفەتەی تێدا زاڵە،بۆچەند مەبەستێك ئەم چوێنراوانە دەکرێت، لەوانەسیفەتی یەکەم نەزانراوە،دەتوانرێت لە ڕێگەی سیفەتە زانراوەکەوە بناسرێت یان سیفەتەکە زانراوە دەتوانرێت بەرزتر وجوانترو بەهێزتر بکرێتەوە لەڕێگەی سیفەتە زاڵەکەوە.(٣١).هەروەها نووسەر موحسین ئەحمەد مصگفی لەکتێبی بەهاری ڕەوانبێژی بەم پێیە پێناسە بۆ لێکچواندن دەکات و دەدوێت،"چواندن ئەوەیە:شتێك بە شتێکی دی بچوێنی کە هاوبەشبن لەسیفەتێك یان زیاتر،بەهۆی یەك لەئەوزارەکانی،باس کرابێ،یان باس نەکرابێ ڕەوتی ڕستەئامازەی پێ بکات"(٣٢).واتە لێکچواندن بەستن وپەیداکردنی وێکچوونێکە لەنێوان دووشت دا,بەهۆی هاوبەش بوونیان لەیەك سیفەت یان زیاتردا بۆمەبەستێك یان مەبەستێکی دیاری کراودا.(٣٣).

**مەبەست لەهێنانەوەی لێکچواندن**:لێکچواندن یەکێکە لە هونەرە قسەییە ئاشکراکان,هەروەها مەبەستی لێکچواندن ئەوەیە کە شتێك هەیە,ئەو شتە بەلای تۆوە ئاشکرانییە ونایزانی ,ئەو کەسەی کەقسەت لەگەڵ ئەکا دێت وئەوشتە ئەچوێنێ بەشتێك کە ئەوەیان بەلای تۆوەناسراوە وئەیزانی.کەوابوو لێکچواندن بۆ هەڵدانەوەی پەردەیە لە سەر شتێکی نادیار ئەمەش بۆئەوەیەکەشتی نادیار لە ئارادا نەمینێ و بەئاشکرایی بێتە مەیدانەوە.زۆر کات پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش ئایا بۆچی لێکچواندن دیاردەیەکی سروشتی یە؟. وەڵام بۆئەم پرسیارەش م.((عەزیز گەردی))دەڵێت:"جونکە ئەگەر هەستمان بۆدەورو بەری خۆمان ڕاگرت.بە ئاشکرابۆمان دەردەکەوێت کە لێکچواندن بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ناوگفت وگۆیان دا دەردەکەوێت، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن,کەواتە لێکچواندن تایبەت نی یە بەنەتەوەیەك بەڵکو بەهرەیەکی گشتی ودیاردەیەکی سروشتی یە.هەربە (زگماکی)وەری دەگرێت وبەکاری دەهێنێت.بۆنموونە, ئەوخەڵکەی کەنەخوێندەوارن گەلێ لێکچواندنی پەسەندو جوان بەکاردەهێنن,وەك{قسەی خۆش بە هەنگوین لەشیرینی دا}{شتی نەرم ولووس بەئاورێشم}{شتی گەرم وگوڕ بەئاگر}.هتد.ئەمانە لەهەندێك لێکچواندندا لەگەڵ دەستەی ڕۆشنبیرونووسەران بەیەك دەگەنەوە, وەکو لێکچواندنی{پیاوی ئازاونەترس بەشێر}{ڕووی جوان بەمانگی چواردە}{ئافرەتی جوان بەگوڵ }..هتد" (٣٤).

لە ڕێگەی لێکۆڵنەوە بۆمان دەردەکەوێت کەلێکچواندن دووشێوەلەخۆدەگرێت{پیاهەڵدان وداشۆرین}ە. لێکچواندن لەبنەڕەتەوە لەسەر ئەوەهاتووە بۆپیاهەڵدان.واتە:{ناتەواوی بەتەواوی}{بچووك بەگەورە}{بێ باکی بە جالاکی}...هتد.بێگومان ئەم شێوەیەبە((پیاهەڵدان)) دەناسرێت. بۆنموونە: <u>لە{پیاهەڵدان}دا:</u> صابری شاعیر لێرەدا هاتووەو ستایشی پێغەمبەری(محمد)(صلی الله علیه وسلم)ی کردووە دەڵێت:

(پرتەوی خورشیدە ئەمشەو یاجەماڵی دولبەرە ) ( بۆنی باغی جەننەتی ڕووی یارە یاخۆ عەنبەرە) (جان ودڵ غەرقی(فناڤ النور)ی رووخساری حەبیب)

(عوسرەتی دووری موبەددەل بووبەوەسڵ ومەیسەرە) دص(ل١٦٢)

لێچوو/دولبەر+بۆنی یارە لەوچوو/خورشید+عەنبەرە

وەلەڕووی{داشۆرین}یشدا لێکچواندنەکە بەهۆی سروشتی باسەکەوەپێچکەی پێچەوانەدەگرێتەخۆی

واتە:{گەورە بەبچووك,بەرز بەنزم,باش بەخەراپ, رەندبەگەند}. دەچوێندرێت. بۆنموونە: لە{داشۆرین}دا:

صابری دەڵێت:(رۆژی تیجارەت وتەمەع خۆت بەبرا گەو رەعد ئەکەی )

( مەیدانی نوێژۆجەماعەت ئەبی بەبرا بچووك) دص(ل١٣٠)

لێچوو/کەس لەوچوو/براگەورە+برا بچووك

لەم دێڕە شیعریە دا شاعیر ئاماژە بۆئەوەی کردووە کەزۆرێك لەتاکەکانی کۆمەڵ بۆ تەماح وغەدرکردن لە برایان دەکەن و خۆیان بە برا گورە دەزانن بۆ تەماحی دونیاو بەتایبەت لەسەروەت وسامان بەڵام لەکاتی پەرستنی خوداو نوێژ ونزاکردن خۆیان دەکێشنە دواوەو دەڵێن برا تۆ برا گەورەو ئێمە برا بچوك

**گرنگی لێکچواندن لەشیعردا**:لێکچواندن چەندین گرنگی بەخۆیەوە دەگرێ لەوانە:.

١-بۆدەرخستنی ئەندازەی بەهێزی یان بێ هێزی لێچوو.پیاهەڵدان وداشکاندنی لێچوو،واتەکاتی شاعیرلە هۆنراوەکەیدا،بۆپیاهەڵدانی لێچووبێت،ئەوەبەهێزییەبۆی،کەچی بۆداشۆرین بێت،ئەوکات بێ هێزییەبۆلێچوو.

٢-بەهۆی لێکچواندنەوە،سیفاتەکانی لێچوو ولەوچوو جوانترو روونترو ڕازاوەتر وەسف دەکرێت.

٣- لەڕێگەی لێکچواندنەوە کاریگەری زۆرتر بۆ ئاخاوتن ودەربڕینەکان درووست دەبێت.

٤- لێکچواندن دەبێتە هۆی ئەوەی بەوشەی کەم واتای زۆر وفراوان پێشکەش بکرێت.

٥-لێکچواندن وادەکات وێنەلەنێوان ڕووداوو شتەلێکدوورەکان درووست ببێت،بەم هۆیەوەش نیزیکی درووست دەبێت.٦-بوونی ئەوزارەوەپیشان دەدات لێچوولەلەوچووکزترە،بەڵام کەلابرائەوکزی یە نامینێ و،ئەوکات لە یەك ئاست دەبن.

**بنەماکانی لێکچواندن**:لێکچواندن شتێکی سادەوساکار نییە,بەڵکو کردەویەکی قوول وئاوێتە دارێژراوەو لەسەرچەند بنەماو ڕەگەزێکەوە سەری هەڵداوە،وەنووسەران ولێکۆڵەرەوان ورەخنەگرانی زانستی ڕەوانبێژی هەموویان لەسەر ئەوەهاو دەنگن کە لێکچواندن چوار بنەمای هەیە کە ئەمانەی حوارەوەن.

١-لێچوو:(المشبه)بریتییەلەوشتەی کەوەسفی دەکریٚ بەشتێکیتر.ئەوەش پێویستی بەئاشکراکردن ودەرخستنی ئەو وەسفە یە،واتە:"چواندنی شتێك بەشتێکی دیارترلەخۆی لەسیفەتی هاوبەشی نێواندا،بۆئاشکراکردنی هەمان سیفەت لەیەکەمدا "(٣٥).

٢- لەوچوو:(المشبەبە)بریتی یە لەولایەنەی کەوەسفی شتێکی تری پێدەکریٚ.ئەویش پێك دێت لەو ووتانەو یان ئەو وێنەیەی کەشتێکی تری پیٚ وێنە دەکریٚ,بەم جۆرە سیفەتی کزی{لێچوو}لە ئاوێنەی گەشی{لەوچوو}دا دەردەکەوێت.

٣-ئەوزار:واتە{ئامراز}.ئەمیش بریتی یەلەووشەیەی کە{لێچوو-لەچوو}بەیەکەوەدەبەستێت. واتەوەك ئەڵقەیەك سیفەت وپەیوەندی،ئەم سەرووئەوسەرپێکەوەدەبەستێتەوە.ئەمیش پیٚ دەوترێت {ئەوزار}.

٤-رووی لێکچوون:بریتییەلەوسیفەتەی کەهاوبەشەلەنێوان{لێچوو-لەوچوو}, واتەکاتێك {لێچوو_لەوچوو}لەسیفەتێك دا یەك دەگرنەوەپەیوەندییەك لەنێوانیان دا دەبێت,بەوسیفەتەش دەووترێت{لێکچوون}.بۆ نموونە(حاجی قادری کۆیی)لەشیعری (ووشکە سۆفی)دا دەڵێت:(بۆچی حاجی نەخوێنیٚ وەك تووتی) (ئەم زوبانە هەزاری خسە قەفەس)دح(ل٦٤)

{لێچوو/حاجی}{لەوچوو/تووتی}{ئەوزار/وەك}{رووی لێکچوون/زوبان}

هەروەهاصابری بالأدەستە لەم شێوەلێکچواندنەکە دەڵێت:

(نیگارامەست وبیمارم بەچاوی مەست وبیمارت ) (وەکوپەروانەسووتاوم بەنووری شەمعی رووخسارت) دص(ل٦٧)

{لێچوو/شاعیر}{لەوچوو/پەروانە}{ئەوزار/وەکو}{رووی لێکچوون/سووتان}

## بەشی دووەم

### لێکچواندن وصابری

**تەوەرەی یەکەم**:دابەش بوونی لێکچواندن بەپێی بنەماسەرەکیەکانی لێکچواندن

١-لێکچواندنی رەهای درێژە(تشبیه مرسل المفصل)یان(التام).

ئەم جۆرەپێشی دەوترێت لێکچواندنی ئاسایی،چونکەهەرچواربنەماکانی بەئاشکراوروونی تێدادەردەکەوێت.واتە:هەر چوار بنەماکان((لێچوو،لەوچوو،ئەوزار،رووی لێکچوون)).ئەم جۆرەش بەبیٚ هێزترین پلەی لێکچواندن دەژمێردرێت.لەم نموونەیەش بەجوانترین شێوە دەردەکەون،وەك:{کوردستان دەڵێی بەهەشتەلەجوانی دا}.

لێرەدا لێچوو/كوردستان لەوچوو/بەهەشت ئەوزار/دەڵێی ڕووی لێكچوون/نییە جوانی}.چونكە لە نموونەكەدا كوردستانی بەبەهەشتی لێكچواندووە ئەویش بێگومان لەلایەنی جوانی دا.لە هۆنراوەی صابریش جوانترین نموونەمان لەم شێوەیە دەست دەكەوێت:.

(دڵ بەشەمعی ڕووت وەكو پەروانە سوتا فەخر ئەكا

دوكەڵی هەردوو لەهاتوو چوونە مانەندی–رقاص–) دص(ل١١٢)

وێنەی ١:لێچوو/دڵ لەوچوو/پەروانە ئەوزار/وەكو ڕووی لێكچوون/سوتا

وێنەی ٢:لێچوو/دوكەڵی هەردوو لەوچوو/رقاص ئەوزار/مانەندی ڕووی لێكچوون/لەهاتوو چوونە

٢–لێكچواندنی جەختاوی پوختە(ڕەوان)(تشبيهمۆكد المجمل)(البليغ).

دەگونجێ لەلێكچواندن دا بێ ئەوزارو بێ لێكچوون بێت.تەنها هەردوو بنەماسەرەكێیەكان واتە تەنها{لێچوو_لەوچوو}بێت.

ئەم جۆرەلێكچواندنەبەبەهێزترین وكاریگەرترین پلەی لێكچواندن دا دەنرێت لەلایەنی زیادەڕەوەویەوە،چونكەوەك ئەوەوایە لێچووبەهەمان شێوەی لەوچووسەیربكرێ،هەروهاوا لە گوێگردەكات زەینی بۆهەموو وێنەكانی چواندن بچێت ئامازەكانیشی ڕوون وئاشكرابێ وبەجوانترین شێوەواتاومەبەست بپێكێ.

لەهۆنراوەی صابری بەشێوەیەكی بەرچاو لەم جۆرە نموونە یە دەبینرێت و بۆ دووجار لەم دێڕە شیعرە

لێكچواندنی ئەنجام داوە: (ئەی برۆ شمشێرو لێوو مەرجان وپەرچەم خاوەكەم

قەد نەمامی عەرعەرو ڕوومەت ترێ كاژاوەكەم) دص(ل١٣٩)

وێنەی ١:لێچوو/برۆ لەوچوو/شمشێر، لێچوو/لێو لەوچوو/مەرجان ،

وێنەی ٢:لێچوو/قەد لەوچوو/نەمامی عەرعەر، لێچوو/ڕوومەت لەوچوو/ترێ

٣–لێكچواندنی ڕەهای پوختە(تشبيه مرسل المجمل).

دەگونجێ لەلێكچواندندا لێچوو ولەوچوو وئەوزاری لێوە هاتبێ،بەلأم بێ ڕووی لێكچواندن بێت.واتەلەڕستەكەدا تەنهاسێ بنەمای تێدابێت ئەویش{لێچوو_لەوچوو_ئەوزار}.بەلأم{ڕووی لێكچواندن}ی تێدا نەبێت.

لەم هۆنراوەیەی صابری جوانترین نموونەمان بەرچاودەكەوێت:

(شەوقی یاری وا لە شاری سینەما ) (هەردەمێ ڕەنگی دیگەر وەك سینەما)دص(ل٥٥)

لێچوو/شەوقی یار، لەوچوو/سینەما ، ئەوزار/وەك، ڕووی لێكچوون/نییە

٤–لێكچواندنی جەختاوی درێژە(تشبيه مۆكد المفصل).

دەگونجێ لە لێكچواندن دا لێچوو و لەوچوو و ڕووی لێكچواندن لێوە هاتبێ،بەلأم بێ وئەوزاری بێت.

واتە لەڕستەکەدا تەنها سێ بنەمای تێدابێت ئەویش{لێچوو_لەوچوو_ ڕووی لێکچواندن}.
بەلأم{ئەوزار }ی تێدا نەبێت.لەهۆنراوەی صابریش چەندین نموونەمان لەم شێوەیە دەست دەکەوێت:.
(ڕۆژێ لەتۆی پەروەردە تیرێکی وەشاند لەیل ) (لەوکاتەوە مەجنون سیفەت وعاشق وشەیدام)دص(ل١٤٧)
لێچوو/شاعیر لەوچوو/مەجنون ئەوزار/نییە ڕووی لێکچوون/عاشق وشەیدا

**تەوەرەی دووەم**:دابەش بوونی لێکچواندن بەپێی بنەما ناسەرەکێیەکانی
١-بەپێی هەبوون ونەبوونی ئەوزار .
هەبوون ونەبوونی ئەوزار مەرج نی یە,بگرە لەهەندێ شوێندا نەبوونی باشترە لەبوونی.زۆرکات ئەوزار تەنها یەك ووشە نی یە بەڵکو لەکۆمەڵە ووشەیەك پێك دێت. ئەمیش دوو شێوە لە خۆی دەگرێت:-
أ- لێکچواندنی ڕەها یان(بەربلاو):(تشبیه مرسل).
ئەم لێکچواندنە ئەوزاری تێدا هاتووە.ئەمەشیان وانەبێ ئەوندە تین وتاو بێت.واتەئەم جۆرە لێکچواندنە لێکچواندنێکی ئاسایی باوە هەروەها پێك دێت لە{لێچوو ولەوچوو وئەوزار}بەلأم ڕووی لێکچوونی تێدا نییە.ئەمەش لەگەڵ لێکچواندنی پوختەو ڕەهای پوختە نزیکە.نموونە:{کوردستان وەکو بەهەشتە} لێچوو/کوردستان لەوچوو/بەهەشت ئەوزار/وەکو ڕووی لێکچوون/نییە
لەم جۆرەش لە هۆنراوەکانی صابری نموونەی زۆرمان دەست دەکەوێت:.
(ئەگەر عاشق دڵی زاماری تیری چاوی دولبەر بێ) ( ئەبێ جۆشی دڵ وسینەی هەمیشەوەك سەماوەر بێ)دص(ل٢١٢)
لێچوو/دڵ وسینە لەوچوو/سەماوەر ئەوزار/وەك ڕووی لێکچوون/نییە
ب-لێکچواندنی جەختاو:(تشبیەمۆکد).
ئەم لێکچواندنە بەپێچەوانەی لێکچواندنی ڕەهایەوئەو لێکچواندنەیە کە ئەوزاری تێدا نەهاتووە.بەلأم ڕووی لێکچوونی مەرج نییە تێدایە بێت یان نەبێت.ئەمە لەلێکچواندنی ڕەها وردترو باشتردەردەکەوێت وەکورتبڕییەکی تێدایە،کەواتە ئەم لێکچواندنەلە{لێچوو ولەوچوو وڕووی لێکچوون}پێك دێ و{ئەوزاری} تێدا نییە.ئەمەش لەگەڵ لێکچواندنی درێژە وجەختاوی درێژە نزیکە.واتە:لێکچواندن بێ ئەوزاربێت: صابری بەم شێوەیە لە نموونە شیعرییەکی دا بەکاری هێناوە:

(لەبەر لەیلایە مەجنونم لەبەر شیرینە فەرهادم ) ( مەکن مەنعم لەگریەوشیوەنی سارا وکۆساران) دص(ل١٤٩)

شاعیربۆدووجارلێکچواندنی درووست کردووە،بۆیەکەم جاربەم شێوەیە.وێنەی١:لێچوو/شاعیر لەوچوو/مەجنوون

بەڵام ئەوەی مەبەستمان لەوێنەی دووەمەیە: لێچوو/شاعیر لەوچوو/فەرهاد ڕووی لێکچوون/ سارا وکۆساران .

٢- بەپێی هەبوون ونەبوونی ڕووی لێکچواندن .

أ- لێکچواندنی درێژە:(تشبيه المفصل).

ئەم لێکچواندنە ئەوەیە ڕووی لێکچوانجدنی تێدا هاتبێت.ئەویە کە شان بەشانی لێچوو و لەچوو ڕووی لێکچوونی تێدا هاتبێت، بەڵام ئەوزاری نەبێ .ئەمەش لەگەڵ لێکچواندنی جەختاو وجەختاوی درێژە نزیکە. واتە:لێکچواندنێکی بێ ئەوزارە.صابری نمونەی زۆرە لەم جۆرە وەك:

(شوعاعی شەمسی رووخسارت شکستی دابەمانگ وخۆر)

(بەنوری حوسنی بیچونت کە تۆ سەرتا قەدەم نوری) دص(ل١٩٥)

لێچوو/رووخسارت لەوچوو/مانگ وخۆر ئەوزار/نییە ڕووی لێکچوون/نوری

ب- لێکچواندنی پوختە:(تشبيه المجمل).

ئەم لێکچواندنەڕووی لێکچوانجدنی تێدانەهاتووە.وە پێچەوانەی لێکچواندنی درێژەیە.واتە:لەڕستەکەداتەنهاسێ بنەمای تێدایە ئەویش{لێچوو ولەوچوو وئەوزار}بەڵام{ڕووی لێکچوونی}تێدا نییە.ئەمەش لەگەڵ لێکچواندنی ڕەهاوەو ڕەهای پوختە نزیکە.بۆنموونە: شێرکۆ وەکو شێرە:- لێچوو/شێرکۆ.لەوچوو/شێرە ئەوزار/وەکو.

ڕووی لێکچوون/نییە. هەروەها نالی دەڵێت:

{غوباری ئەوشەوو ڕۆژەن ڕدێنی ماش وبرنج} {کە تێکەڵن شەبەهی صوبح وشام شیرو قیر}دن(ل٢٠٨)

لێرەدا مەبەستی نالی شاعیر لەم دێڕەدا ئەوەیە تۆزو گەردی گوناهی ئەوشەو و ڕۆژەی ژیانمە کاری کردووەتە سەر ڕیشم و بۆزی کردووە وکردوویەبەماش وبرنج، وەمووی ڕەش وسپیی تیایدا تێکەڵ بووە وەکو تێکەڵی بەیانی وئێوارە،واتە شەو وڕۆژ،لەیەکەوە نزیکیی شیروقیرکە بەدیمەن تەنها تیپێکیان لەیەك جیایە ولەڕاستیشدا یەکیان سپیی وئەوتریان ڕەشە.صابری نمونەی زۆرە لەم جۆرە وەك:

(سمێل وڕیشی وەك ماش وبرنجت) (ئەڵێن ئەی خەستە تەرکی زولبیاکە) دص(ل١٧٧)

لێچوو/سمێل وڕیشی لەوچوو/ماش وبرنجت ئەوزار/وەك ڕووی لێکچوون/نییە

**تەوەرەی سێ یەم: ئەوزارەكانی لێكچواندن وجۆرەكانی لە هۆنراوەكانی صابری دا**

چەمك وپێناسە:ئەوزار:بۆپێناسەكردنی ئەوزارەكانی لێكچواندن چەندین پێناسەكراوەلەوانە"یەكێكە لەبنەماكانی لێكچواندن،ئەویش ئەو ووشەیەیەكەلێكچواندن وهاوبەش بگەیەنێ،هەردوو بنەمای سەرەكی لێكچواندن كە لێچوو لەوچوو بەیەكەوە ببەستێتەوە"(٣٦).هەروەها عەزیز گەردی دەڵێت"زۆرجار ووشەیەك ئەهێنرێ وەكو ئەڵقەیەك سیفەت وپەیوەندی ئەم سەرو ئەو سەر بەیەك ئەبەستێ"(٣٧).وەد-ئیدریس عبدوڵلا مستەفا لەكتێبی وا ئاملژەی بۆدەكات" كۆمەڵێ دەربڕینن ، گوزارشت لەسەر وەكیەكی دەكەن ، كە ئەم وەكیەكییە دەشێ بستراببێتەوەبەڕوویێك،یان چەند ڕوویێكی لێكچوون،لەم ڕووە،یان لەم ڕووانەدا لێچوو و لەوچوو وەكو یەك دەچوێنرێن.ئەوانیش چەندین دەستەن،لەوانە وەك،لەوئەكا،عەینی،....هتد"(٣٨).بەڵام موحسین ئەحمەد گەردی لەكتێبەكەی دادەڵێت"ئەوزار:ئەو ووشانەن دەبن بەئەلقەیەك بۆبەستنەوەی سیفەت وپەیوەندی نێوان چوێنراوو پێ چوێنراو"(٣٩).واتەلە پاش ئەم پێناسانەو ڕاوبۆچوونانەدا دەتوانین بەڵێن كاری ئەوزاربەستینەوەیە لە نێوان سیفەتەكانی لێچوو لەگەڵ لەوچوو.بێ گومان لە هەموو زمانێك ئەوزارێك یان زیاتر هەیە،بۆ بەكارهێنانی لە پێكهێنانی لێكچواندندا.سەردار ئەحمەد گەردی دەربارەی ئەوزار دەدوێت ودەڵێت"ئەوزار بەتەنها ووشە نییە بەڵكو لەوانەیە بەشێك بێت لەووشە وەك پاشگر یاخود تاكە پیتێك وەك لەزمانی عەرەبی دا هەیەوەك(ك)كەواتە ئامرازی لێكچواندن هەر دەربڕینێكە وەك یەكی وهاوبەشی بگەیەنێ،پیتە،یاخودناوە یاخود فرمانەو هەمویان نزیكی سیفەتی لێچووله لەوچوو دەگەیەنن"(٤٠).ئەوزار هەرچەندە یەكێكە لەبنەما ناسەرەكی یەكانی لێكچواندن لەگەڵ ئەوەشدا بنەمای سێ یەمی لێكچواندنە"(٤١).لێرەدا دەگەین بەوەی كە ئەوزار یەكێكە لەوچوار بنەمایەی كەلێكچواندنی پێ دروست دەبێ،وەك یەك چوارهەستوونی ئەوێ بۆئەوەی لەنگریان بخاتە سەر{لێچوو،لەوچوو، ئەوزار،ڕووی لێكچوون}.واتە یەكێكە لە پێویستی یەكانی لێكچواندن.كەچی هەندێ نە بوونی بەباشتردەزانن. ئەوزارهەبوونی مەرج نییە،بگرە لەهەندێ شوێن دا نەبوونی باشترە.چونكەئەوزار{لێچوو-لەوچوو}بەیەكەوە دەبەستێتەوەوئەوزار وەك بنەمایەك دەردەكەوێت.ئەوكاتانەی كەدەریش ناكەوێت هەست بەبوونی دەكەیت.

١-ئەو ئەوزارانەی لە بنچینەدا ووشەی كوردین:

لەشیعری كوردی دا كۆمەڵێك ووشەوەك ئەوزار بەكارهاتوون هەندێكیان تایبەتین بە زمانی كوردی هەندێ تر بۆ زمانی عەرەبی وفارسی وهەندێ ترهاوبەشن لەنێوان زمانی كوردی وفارسی.بەڵام ئەوئەوزارانەی كەتایبەتن بەزمانی كوردی.كۆمەڵە ووشەیەكی ڕەسەنی كوردین ولەخودوبچینەی زمانی كوردی وەرگیراون وەتەنیالە شیعری كوردیدا بەكارهاتوون.لەوانە چەندین ووشە هەن وەك:

{وەك-هەروەك-وەكو-هەروەكو-وەكی-هەروەكی -وێنە-ڕەنگ-چەشنی-تەرز-نموونە-شێوەی-مینا-دەڵێ ی-هەردەڵێ ی-ئەڵێ ی-هەرئەڵێ ی-دەت ووت-لە..دەكا-لە..ئەكا-لە..ئەچێ-وەكە.}بەڵام ئەوئەوزارانەی كەصابری بەگشتی بەكاریانی هێناوە.ئەمانەن:{وەك، وەكو،وەكوو،هەروەك،هەروەكو،دەڵێ،ئەڵێ،هەرئەڵێ،وێنە،وێنەی، بەوێنەی،بەقەد،ڕەنگ}.

تێبینی:زۆركات وشەی(سیفەت)وەك ئەوزار دەردەكەوێت كەچی بەهیچ شێوەیەك ئەوزار نییە بەڵكو(ڕووی لێكچوون)ە. بەڵام لەنێو دێڕە شیعرەكان دا كە بەكار دێت وەكو ئەوزار دەردەكەوێت بۆیە خوێنەوار بەشێوەی ئەوزاردەیبینێت. هەروەهاگەربڕوانینەوشەی (سیفەت)لەهەردێڕەشیعرێك لەهۆنراوەی كوردی دا تێیدا ئەم وشەیە بەكار هاتبێت،بەهیچ شێوەیەك نایبینی لەپێش لەوچووەوەهاتبێت،وەكو هەر ئەوزارێكی ئاسایی بەم شێوەیە {لێچوو+ئەوزار+لەوچوو}بەڵكو هەردەم لەپاش لەوچوو بەدیاردەكەوێت بەم شێوەیە{لێچوو+لەوچوو+سیفەت}. وەك لەم دێڕە شیعرەی صابری دەردەكەوێت:((صابر)لە فیراق وئەسەفی خێوەتی لەیلا)

(ئاشوفتە ومەجنون سیفەت وئەلبیسە شینم) دص(ل١٤٨)

١-وەك: ئەم ئەوزارە بەچەندین شێوەصابری لەهۆنراوەكانی دا بەكاری هێناوە:.

أ-وەك: یەكێكە لەو ئەوزارانەی كەتاییبەتە بەزمانی كوردی.بەرامبەر(مپل)ی بە زمانی عەرەبی دێت لەشیعری كوردیدا زۆر بەكاردێت.بەڵام{وەك}ئەگەر ئامرازی نەرێی لەگەڵدا هات ئەوكات ناچێتە ناوچوارچێوە لێكچواندن، چونكە بێ هاوتایی ئەو شتە پیشان دەدات كەباسی دەكات.لای صابری شاعیریش بەشێوەیەكی یەكجار بەرفراوان بەكار هاتووە.(عاشق دڵی وەك مەجمەرە پڕ ئاگروپشكۆ)

(مەجنون سیفەت وبێ خەبەرو سەبرو قەرارە) دص(ل١٨٤)

لێچوو/دڵی لەوچوو/مەجمەرە ئەوزار/وەك ڕووی لێكچوون/مەجنون سیفەت

ب-هەروەك :ئەم ئەوزارە لەدووبەش پێكهاتووە(هەر+وەك)،وەك.ئەوزاری لێكچواندنەو(هەر)یش پێشگرێكە بۆجەخت كردن بەكاردێت بەرامبەر بە(بالچبگ)ی عەرەبی یە.ئەگەر ڕووی لێكچوون لەنێوان لێچوو لەوچوو زۆر لەیەك نزیك بوو ئەوسا لەبری (وەك)(هەروەك)بەكاردێت،چونكە(هەر) كە دەچێتە سەر(وەك)زیاتر نزیكی دووبنەما سەرەكی یەكە لەیەك پیشان دەدات.بۆیە شاعیر ئەگەر بیەوێ زیادەڕۆیی بكاو لێچوو ولەوچوو زۆر لەیەك نزیك بكاتەوە(هەروەك)بەكار دێنێ.لەم جۆرەش لە هۆنراوەكانی صابری جوانترین نموونەمان دەست دەكەوێت:.لێرەدا شاعیر هاتووەو خۆی بە گوڵی ئیكرام چواندووە.

("صابر"تۆ ئەگەرعاشقی ئازارو جەفای دۆست ) ( وەرەبگرەبەشوكرانەوە هەروەك گوڵی ئیكرام) دص(ل١٤٧)

لێچوو/صابر لەوچوو/گوڵی ئیكرام ئەوزار/هەروەك ڕووی لێكچوون/نیە

٢-وەكو: ئەم ئەوزارە بەچەندین شێوە صابری لەهۆنراوەکانی دا بەکاری هێناوە:.

أ-وەكو:ئەوزارێکە بەرامبەربە(میل،شبیه)ی عەرەبی دەوەستیّ زۆر بەکارهاتووە، هەروەها(وەك،وەکو،وەکی)،

هاوواتای یەکترن دەنگەکان بەپێی ناوچەکان دەگۆڕێن لەناوچەی سلێمانی(وەکو)بەکاردێت،بەڵام هەولێروبادینان (وەکی)بەکاردێت.بۆ نموونە:حەمدی دەڵێت:(کوڵمی هەڵگیرسا وەکو ئاگر بەنووری ئابی مەی

دڵ وەکو پەروانە چۆتە مەجلیسی سووتانەوە) دح(ل٣٤٣)

وێنەی١:لێچوو/گوڵمی لەوچوو/ئاگر ئەوزار/وەکو ڕووی لێکچوون/نییە

وێنەی٢: لێچوو/دڵ لەوچوو/پەروانە ئەوزار/ وەکو ڕووی لێکچوون/سووتانەوە

وەلە هۆنراوەکانی صابری بەشێوەیەکی بەرچاوەدەبینرێت.

(کەزولفی ڕوومەتی پۆشی سەراپا خەڵقی مەجنوونە

کە دەرخا ڕووی شیرینی وەکو فەرهاد ئەچن بۆ شاخ)دص(ل٧٧)

لێچوو/خەڵقی لەوچوو/فەرهاد ئەوزار/وەکو ڕووی لێکچوون/ئەچن بۆشاخ

ب-وەکوو:ئەم ئەوزارەش هیچ جیاوازییەکی لەکەل ئەوزاری{وەکو}وەنییە بەڵام شاعیر صابری تەنها لەیەك دێڕە شیعرێکدا بەم شێوەیەك بەکارهێناوە.ئەویش ئەم دێڕە شیعرەیە کە لەهۆنراوەی(گەردەپرسی بۆچی بیّ خەوم)ە. (لە شەڕو فیتنەیی نەفست مەبە ئەمین وەکوو مار)

(لە ملی هەرکەسیّ ئاڵا سەری خووارو نەوی یە) دص(ل١٨٩)

لێچوو/نەفست لەوچوو/مار ئەوزار/وەکوو ڕووی لێکچوون/سەری خووارو نەوی یە

ج-هەروەکو:(هەر)دەچێتەسەر(وەکو)بۆزیاترچەختکردن.لەگەڵ(هەروەك)یەك دەگرنەوەوتەنهاپاشکری(و)لەگەڵدا بکارهاتووە:لەم جۆرەش لەهۆنراوەکانی صابری جوانترین نموونەمان دەست دەکەوێت:.

(لەبەر خورشیدی حوسنت دائما وەك زەڕە ڕەقسا-نم

لەشەودا هەروەکو پەروانە خۆسووتانن عادتمە) دص(ل١٦٧)

لێچوو/شاعیر لەوچوو/پەروانە ئەوزار/هەر وەکو ڕووی لێکچوون/خۆسووتانن عادتمە

٣-دەڵێی: ئەم ئەوزارەش بەهەمان شێوە بەچەندین شێوە صابری لەهۆنراوەکانی دا بەکاری هێناوە:.

أ-دەڵێی:یەکێکە لەوئەوزارانەی کەزۆر بەکاردێت،بەتایبەتی لەشاری هەولێر وبەواتای(وەکو)بەکاردێت.وە(ئەڵێی ودەڵێی)هیچ جیاوازییەکیان نییەتەنیالەگۆڕانێکی دەنگی یەبەپێی ناوچە.واتەلەشاری سلێمانی بە(ئەڵێی)و هەولێریش بە(دەڵێی)بەکاردێت:

(دوێنێ ووتی ئەی خەستە سبەی دێمە عیادەت)

(هەی هەی کەچ بەزمێکە دەڵێی خوسرەو دارام)دص(ل١٤٦)

لێچوو/شاعیر لەوچوو/خوسرەو دارام ئەوزار/دەڵێی ڕووی لێکچوون/نییە

ب-ئەڵێ:یەکێکەلەوئەوزارانەی کەزۆربەکاردێت.بەواتای وەکودێت،بەتایبەتی لەناوچەی سلێمانی زۆر بەکارهاتووە.وە(ئەڵێی ودەڵێی)هیچ جیاوازییەکیان نییەتەنیالەگۆڕانێکی دەنگی یەبەپێی ناوچە.هەر ناوچەیەك بەجۆرێ وەری گرتوە.هەردووکیان بۆکاتی ئێستابەکاردێت.تێبینی هەردەم(ئەڵێی)دەکەوێتە پێش لەوچووەوە. وەك لەم دێڕە شعرەی(پیرەمێرد)بەدەردەکەوێت:

(بەیانی بوو لەخەو هەستام کەڕوانیم بەفرە باریوە ) (سلێمانی ئەڵێ ی بەلقیسە تارای زیوی پۆشیوە) دپ(ل١٩٤).

لێچوو/سلێمانی لەوچوو/بەلقیس ئەوزار/ئەڵێ ڕووی لێکچوون/تارای زیوی پۆشیوە

لەم دێڕەی پێرەمێردی دا وەسفی دیمەنێکی بەفری سلێمانی دەکات.دیارە شاعیردیمەنی بەفری ئەستەمووڵی دیوە،شیعری زۆری عوسمانی لەبابەتی دیمەنی بەفرەوە خوێندێتەوە.ئەوەی ڕاستەوخۆکاری لێ کردووەو، هاتووەلە نێوان شاری سلێمانی و(بەلقیس)شازادەی سباو لەو ڕووەوە کاتێ کەبەفر لەسلێمانی باری لەتاری بووکی(سلێمان)ی پێغەمبەر دەچێت. لەم جۆرە ئەوزارەش لە هۆنراوەکانی صابری بەدەردەکەوێت:

(باڵا گەردانی چاوت بم ئەڵێی(نجم)ی گەلاوێژە ) (دەمی عیساولوقمانە،دەمێ سەفاك وخوێن ڕێژە) دص(ل١٦٤)

وێنەی١:لێچوو/چاوت لەوچوو/(نجم)ی گەلاوێژە ئەوزار/ئەڵێ ڕووی لێکچوون/نییە

وێنەی٢: لێچوو/چاو لەوچوو/دەمی عیساولوقمانە ،وێنەی٣:لێچوو/چاو لەوچوو/دەمێ سەفاك وخوێن ڕێژە

ج-هەرئەڵێ: لەم جۆرەش ئەوزارەلەهۆنراوەکانی صابری تەنهابۆیەکجاربەدەرکەوتووە:.

(وەرنەسەیری بەرقی ئاوورەعدی ناڵەوسەیلی ئەشك ) ( هەرئەڵێی تۆفانەکەی نوحەلەتەئسیری فیراق) دص(ل١٢٦)

لێچوو/سەیلی ئەشك لەوچوو/تۆفانەکەی نوحە ئەوزار/هەرئەڵێ ڕووی لێکچوون/تەئسیری فیراق

٤-وێنە: ئەم ئەوزارەش بەچەندین شێوە لەهۆنراوەکانی صابری دا دەبینرێت:.

أ-وێنە:وێنە ئەوزارێکی تایبەتی کوردی یە بەرامبەر بە(مپال،صورە،شکل)ی عەرەبی دێت.وێنەئەگەر ئەوزاری نەرێ لەدوابێت واتای بێ هاوتایی لەوچوودەگەیەنێ.وەهەندێ جاروێنەڕۆڵی ئەوزارنابینێ وەلێکچواندن دروست ناکات.وەکولەم نموونەیەی شاعیر(کوردی)دەڵێت:

(لەڕۆم وتورك وفارس وێنەی یارت نی یە كوردی ) ( لەچاوی بەدخواحیفزی بكابالله دەڵێ ی جووره) دك(ل٦٣)

وەلە هۆنراوەكانی صابری دابەجۆرێكی باش دەبینرێت:

(وێنەی نییە ئاوێنەی حوسنت لەبەشەردا ) (حۆری سیفەت ودولبەرو بێ عەیب وقسوری) دص(ل٢٠٦)

ب-وێنەی:ئەوزارێكەلەگەڵ{وێنە}بەهیچ شێوەیەك جیاوازی نییە،ئەمەش صابری چەندین جاربەكاری هێناوە لە هۆنراوەكانی.تەنیائەوەندەنەبێ كەلەپاشی دا پاشكرێك دەردەكەوێ ئەویش(ی)یە.لەم جۆرەش لەهۆنراوەكانی صابری زۆرن وەك:.(پەشێوم وینەی قەیس عامیری) (ناوم(نەجمەدین)لەقەب(صایری)) دص(ل٢٢٩)

لێچوو/صابری لەوچوو/ قەیس عامیری ئەوزار/وێنەی ڕووی لێكچوون/نییە

ج-بەوێنەی:ئەوزارێكەلەگەڵ{وێنە}بەهیچ شێوەیەك جیاوازی نییە،ئەمەش صابری چەندین جاربەكاری هێناوە لە هۆنراوەكانی.تەنها ئەوەندە نەبێ كە لەپێشی دا پێشكرێك دەردەكەوێ ئەویش(بە)یە.لەم جۆرەلەهۆنراوەكانی صابری لەزۆردێرپدا دێتە بەرچاو:(بەوێنەی یاقوب بەجامەی یوسف ) ( فەرەح دا وەدڵ (مع التأسف)دص(ل٢٣٨)

لێچوو/شاعیر لەوچوو/یاقوب ئەوزار/بەوێنەی ڕووی لێكچوون/جامەی یوسف

٥-ڕەنگ:بەواتای جۆردێت.شاعیرانی كورد وەكوئەوزار بەكاریان هێناوە.كە دەڵێن لەڕەنگی ئەوەواتە دووشتەكە یەك جۆرن.نەك ڕەنگیان لەسووری یا لەسەوزی وەكویەك بێت.بەم ئەوزارەش بەواتای(وەكو)دێت. لەم جۆرەش ئەوزارەلە هۆنراوەكانی صابری چەند جارێك بەدەركەوتووە:وەك لەم نموونەیە.

(بەزاهیرڕەنگی ئەییوبی،بەباتین جەنگ و ئاشوب)(بەسورەت حەزرەتی موسی بەسەنعەت سامری تاكەی)دص(ل١٩٤).

وێنەی١:لێچوو/(كەسی نادیار) لەوچوو/ئەییوبی ئەوزار/ڕەنگی، وێنەی٢:لێچوو/موسی لەوچوو/سامری

٢- ئەو ئەوزارانەی لە بنچینەدا ووشەی عەرەبین:ئاشكرایەڕۆشنبیری شاعیرانی دێرین رۆشنبیری مزگەوت بوو كەبریتیی بوولە زانستەعەرەبی یەكان یەكێك لەوزانستانەش ڕەوانبێژیە ئەمەش بووەمایەی ئەوەی شارەزایی یەكی باش لەم زانستە وەرگرن وەلەڕەوانێژی كوردی بەكاری بهێنن لەوانەگەلی ئەوزاری لێكچواندنی عەرەبیان وەرگرتووەولەشیعری كوردی دا بەكاریان هێناوە.وەك:{میسل-شەبەهی-عەینی-نەزیر-شكلی-صورەت}.بەڵام ئەوئەوزارانەی كەصابری بەكاریانی هێناوە.ئەمانەن:١-شبه{شبه،شوبهە،بێ شوبهە،..هتد}٢-عینی٣-{میالی، میسلی،بەمەسەل،بێ میسالت..هتد}٤-سورەت.

١-شبه: ئەم ئەوزارەش بەچەند شێوەیەك لەهۆنراوەكانی صابری دا دەبینرێت:.

أ-شبه:ئەوزارێكە لەزمانی عەرەبی وەرگیراوە بەواتای(مپل)دێت.لەڕەوانبێژی عەرەبی دا دەكەوێتەڕیزی ئەو ئەوزارانەی كەبەر ناودەكەون.لەكوردی دا بەرامبەر بە(وەكو)دێت.دەتوانین بڵێن صابری شاعیرئەم ئەوزارەی لە ڕەوانبێژی عەرەبی وەرگرتووەوەبەچەندین شێوە بەكاری هێناوە.لەم جۆرە تەنهایەك دێڕە شیعرلای صابری بەدی دەكرێت ئەویش لەهۆنراوەی (سكالاٚ)یە:لەم دێڕە شیعرە صابری زوڵفی یارەكەی چواندووە بەشانە كاتێ لەسەر ڕووخساری هاتۆتەخوارەوە.واتە كاتێ صابری دەیەوێ لەخەت و خاڵی یار لەڕووخساری بگەڕێ زوڵف وەكو شانە لێ دێت.

( (صابری)كێیە لە بەحسی خەت وخاڵی دەم بدا ) ( جار جارێ(شبە)ی شانە زوڵفەكەی تاتا دەكا)دص(ل٥٥)

لێچوو/زولف ئەوزار/شبە لەوچوو/شانە ڕووی لێكچوون/تاتا دەكا.

ب-بێ شوبهە: (ئازاری دڵی"صابری"بێ چارە ئەپرسی) (بێ شوبهە ئەڵێی ماسییە شێواوە لەماشا) دص(ل٥٨)

لێچوو/دڵی"صابری لەوچوو/ماسییە ئەوزار/بێ شوبهە،ئەڵێی ڕووی لێكچوون/شێواوە لەماشا

ج-شوبهی:(تانەسوتێنن لەشی خۆیان هەوادارانی ڕووت)

(شوبهی پەروانە لەخەوفی عەشقی تۆ نابن"خلاص") دص(ل١١٣)

لێچوو/هەوادارانی ڕووت لەوچوو/ پەروانە ئەوزار/شوبهی ڕووی لێكچوون/تانەسوتێن

د-شبیهی: (سەبرو ئارامم نەماوە(واو،قاف،ئەلف،رێ) ) (خانەبێزارو زەبونم شبیهی(شین و،یێ و،تێ)) دص(ل٢٣٢)

لێچوو/خانەبێزارو زەبونم لەوچوو/شین و،یێ و،تێ ئەوزار/شبیهی ڕووی لێكچوون/نییە

٢- عەینی:ئەم ئەوزارە"لەوشەی(العین)ی عەرەبی وەرگیراوەكەواتای خودی شتەكە دەگەیەنێ.وەك بڵێی:هەمان پیاوخۆی هاتەوە.ئەم ووشەیە شاعیرانی كورد سوودیان لێ بینیوەو وەكوئەوزارێك بەكاریان هێناوە بەواتای (وەكو)بەلاٚم عینی زیاتر نزیكی شتەكان لەیەك دەگەیەنێ بەڕادەیەك وەكویەك شت بن وەجیاوازی نێوانیان

بە ئاشكرایی هەستی پێ دەكرێ"(٤٢). صابری بەڕادەیەك زۆر ئەم ئەوزارەی بەكارهێناوە.وەك لەم دێڕەی دا

دەردەكەوێت.(عەكسی گوڵی ڕوومەتی تۆی دی بەشەر) (بۆیە سروشكی بووە عەینی گوڵاٚب) دص(ل٦٢)

لێچوو/سروشكی ئەوزار/عەینی لەوچوو/گوڵاٚب ڕووی لێكچوون/نییە .

٣-مپالی: ئەم ئەوزارەش بەچەندین شێوە لەهۆنراوەکانی صابری دا دەبینرێت:.

أ-مپالی:(مپل)ئەوزارێکە لەڕەوانبێژی عەرەبی وەرگیراوە بەرامبەربە(وەك)لەکوردی دادێ کۆکراوەکەی(امپال)دێت بەمانای(الشبە،النڤیر)دێ لەزمانی عەرەبی دائەم ئەوزارە لە زمانەعەرەبی دا دەکەوێتەخانەی ئەو ئەوزارانەی کە بەرناودەکەون.(٤٣).صابری ئەم ئەوزارەی لەڕەوانبێژی عەرەبی یەوە وەرگرتووە،وەبەچەندین شێوەبەکاری هێناوە

(دەبینی ڕەنگی زەردم بۆچ ئەپرسی حاڵی دەردی من ) (کەبێ شەوقم(مپالی)دالیەی بێ خاوەن وچەرداخ) دص(ل٧٩)

لێچوو/ڕەنگی زەردم لەوچوو/دالیەی بێ خاوەن وچەرداخ ئەوزار/مپالی ڕووی لێکچوون/نییە

ب-میسلی: (ناس"انتڤار"ە دائم ) (میسلی ئازانی-صائم-) دص(ل١٦٠)

لێچوو/ناس لەوچوو/ئازانی-صائم- ئەوزار/میسلی ڕووی لێکچوون/نییە

ج-میسالی: صابری ئەم ئەوزارەی لەڕەوانبێژی عەرەبی یەوە وەرگرتووە،وەبەم شێوەبەکاری هێناوە.

(سەد کەرەتم دەربکەی ودێمەوە) ( تۆ کە میسالی عەسەل ومن((ژباب)) دص(ل٦٣)

وێنەی١:لێچوو/تۆ لەوچوو/عەسل ئەوزار/میسالی ، وێنەی٢:لێچوو/من لەوچوو/ژباب ئەوزار/

د-بەمەسەل: (تاشمس وقمربرفلك چرخ دوارست) (چاوت بەمەسەل قاتلە بۆ ڕەند و نەزەر باز) دص(ل٩٥)

لێچوو/چاوت لەوچوو/قاتلە ئەوزار/بەمەسەل ڕووی لێکچوون/ڕەند و نەزەر باز

هـ-بێ میسال:تەنها بۆ یەك جار بەکاری هێناوە ئەویش لە هۆنراوەی(ویصالت)ە:بەڵام بەداخەوە لێکچواندن نییە چونکە ئامرازی نەرێ لەپێشدایە:(لەم شەوی دەیجورە هیجر و حاڵی سەر گەردانیە

پرتەوەی خورشیدی حوسنی بێ میسالت کەی دەبێ} دص(ل١٩٦)

٤-سورەت:ئەم جۆرەلە(الصورە)ی عەرەبی یەوە وەرگیراوە بەواتای(وێنە)یەکەلەزمانی کوردی دابەرامبەربە وشەی(وێنە)وە وەیەکێکە لە ئەوزارەکانی تایبەت بەزمانی کوردی بەڵام شاعیران ئەم ووشە عەرەبی یەی وەرگرتووەو وەکو ئەوزار بەکاری هێناوە.صابری لە چەندین دێڕە شیعربەکاری هێناوە.

( ئەی بەسورەت ماهی تابان وبەباڵا عەرعەری ) ( ئەی برۆت شمشێری بڕان وبەموژگان نەشتەری ) دص(ل٢٨٤)

وێنەی١:لێچوو/ماهی تابان لەوچوو/بەباڵا عەرعەری ئەوزار/سورەت ڕووی لێکچوون/نییە

وێنەی٢:لێچوو/برۆت لەوچوو/شمشێر ، وێنەی٣:لێچوو/موژگان لەوچوو/نەشتەری

٣- ئەو ئەوزارانەی لە بنچینەدا ووشەی فارسین:ئەم ئەوزارانە بەهۆی خوێندنی دیوانی شاعیرانی فارسی لە مزگەوتەکاندا شاعیرە کوردەکان شارەزاییەکی تەواویان لە زمان وئەدەبیاتی فارسی وەردەگرت.بۆیە زۆرجار ووشەی فارسیان تێکەڵ بە شیعرەکانی خۆیان دەکرد جادەبینین شاعیرانی کوردهەندێ ئەوزاری فارسیان وەر گرتووەولەشیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە.وەك:{مانند(مانەند)-وەش}.بەلأم شاعیر صابری تەنها{مانەند}ی بەکارهێناوە.ئەویش زیاترلە(١٧)دێرە شیعرە.

مانند(مانەند):"ووشەیەکی فارسی یەلەچاوگی(مانستن وماندن)وەرگیراوە بە واتای وەکو،وێنەی(مانستن واتە لێکچوون)(ماندن واتە مانەوەو لێکچوون،چاوەڕوان کردن).مانند لە فارسی داوەکو.ئەوزارێك بەکارهاتووە بۆ بەستنەوەی ئەم سەروئەوسەری لێکچواندن.شاعیرانی کوردیش ئەم ئەوزارەیان لەئەدەبی فارسی یەوە وەرگرتوە وەکو ئەوزارێك لەئەدەبی کوردی بەکاریان هێناوە."(٤٤).لای صابری بەم شێوەیە لە هۆنراوەکانی دەردەکەوێت:

(کەسێ مانەندی پەروانە نەسووتا بێ پەڕو باڵی ) (لەسۆزی جەرگی سووتاوو دڵی من کەی ئەبێ حاڵی) دص(ل٢٠١)

لێچوو/کەسێ لەوچوو/پەروانە ئەوزار/مانەندی ڕووی لێکچوون/نەسووتا بێ پەڕو باڵی.

٤- ئەو ئەوزارانەی لەبنچینەدا ووشەی هاوبەشی(کوردی وفارسی)ن: ئەو ئەوزارانەی کە هاوبەشن لە نێوان زمانی کوردی و فارسی پێك دێت لەچەند ئەوزارێك ئەویش بەهۆی ئاشنابوونی شاعیرانی کورد بەئەدەبیاتی فارسی.ئەو ئەوزارانەش بەگشتی واتای لەیەکچوون دەگەیەنن بۆیە شاعیرانی کورد وفارس وەکو ئەوزار بەکاریان هێناون وە لێکچواندنیان پێ دروست کردوون. ئەو ئەوزارانەش وەك:{چوون-چو-ئاسا}.بەلأم صابری تەنها {ئاسا}ی بەکارهێناوە. وەلەچەندین دێرەشیعریك بەکارهێناوە.

١-ئاسا:پاشگرێکە دەچێتە سەرناو ودەیکات بەلەوچوو واتای(وەکو)دەگەیەنێ بەرامبەربە(مِثل)ی عەرەبی. ئەمەش لەزمانی فارسی وکوردی داهەیە.واتە ئەوزارێکی هاوبەشەوشاعیرانی هەردوو زمان بەکاریان هێناوە.

وە هەمیشە لەدوای لەوچوودادێت.بۆنموونە مەحوی شاعیردەڵێت:

(لەکن پشکووتنی غونچەی دەمی،وەك گوڵ،سەراسەر گوێم

گوڵی ڕووخساری دەرخا،نێرگس ئاسا،سەربەسەر چاوم)دم(ل٢٢٣).

لێچوو/سەربەسەر چاوم لەوچوو/نێرگس ئەوزار/ئاسا ڕووی لێکچوون/نییە

لێرەدا مەحوی شاعیر مەبەستی لەم دێرە شیعرە،ئەویە کەغونچەی دەمی یار دەپشکوێ وقسەیەك دەکا،

هەموو گیانم وەك گولْ دەكرێتەوە ودەبیْ بەگویْ بۆ بیستنی ئەوقسەیە.كەگوڵی ڕوخساریشی دەردەخا،هەمووگیانم دەبیْ بەچاوو وەك نێرگس مەستی تەماشاكردنی دەبیْ.صابری شاعیر زوربەكەمی بەكاری هێناوە ئەمەش نموونەیەكە:(عاشقان پەروانە ئاسا سەرف ئەكەن جان وجود
عاقڵان((صابر))گەڵ گۆششی ئەكەن بۆ(جمع)ی مالْ) دص(ل١٣٥)

لێچوو/عاشقان لەوچوو/پەروانە ئەوزار/ئاسا ڕووی لێكچوون/جان وجود

٢-چوون: ئەوزارێكی هاوبەشە لەنێوان زمانی كوردی وفارسی دا بەرامبەر بە(نقیر)ی عەرەبی بەكارهاتووە. هەروەها هەمیشە لەپێش لەوچوودا دێت.مەولەوی شاعیر زیاد لەشاعیرانی تری كوردی بەكاری هێناوە وەك لەم دێڕەی مەولەوی بەدیاردەكەوێت:-

(گولْ چوون رووی ئازیز نەزاكەت پۆشان ) ( وەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان} دم(ل٥٢٢)

رووی ئازیز_سەیل/لێچوو گولْ_وەفراوان /لەوچوو چوون /ئەوزار نەزاكەت_دیدە /لێكچوون.

تێبینی:.لێرەدا پرۆسەی لێكچواندنەكە بەپێچەوانەیە.چونكە{لەوچوو}كەوتۆتەپێش{لێچوو}وە. هەروەهادەڵێت گولْ وەك ڕووی یاربەرگی ناسكی پۆشیوە،وەبەفراو وەك لافاوی چاوی من هاتووەتە جۆش.

بەڵام صابری شاعیریش بەم شێوەیە ئەم ئەوزارەی بەكارهێناوە.

(چون غونچەی ئازیز بوسام وگەستم) (بەوێنەی مەستان بەزم ئەلەستم) دص(ل٢٣٨)

لێچوو/غونچەی ئازیز لەوچوو/بوسام وگەستم ئەوزار/چون

## بەشی سیْ یەم

**دابەش بوونی لێكچواندن لە هۆنراوەكانی صابری دا**

تەوەرەی یەكەم: لێكچواندن بەپێی هەردوو لایەنەكانی لێچوو ولەوچوو{هۆشی و هەستی}

بەپێی بوونی ئەقڵی وهەستی دوو لایەنەكانی لێكچواندن ئاماژە بۆ ئەو چوار جۆرانەی خوارەوە دەكەین.

١-لێكچواندنی هەستی بەهەستی:دەربارەی ئەم جۆرەچەندین رای جیاواز هەیەهەستیش ئەوەیە"بەریەك لەپێنج هەستەكانی (دیتن،بیستن،بۆن كردن،تام وچێژ،لێك خشان".(٤٦).هەروەها د-ئیدریس عەبدوڵلا لەكتێبی(شێوان)بەم شێوەیە بەرامبەری ئەم جۆرە دەدوێت"هەردوو بنەڕەتە سەرەكییەكانی لێكچواندن لێچوو و لەوچوو لەوانە دەبن،كە:

دەبینرێن،یان دەبیسترێت، یان بۆنیان دەکرێت،یان چێژ دەبەخشن،یاندەگیرین، جایان هەموو ئەو سیفەتانەیان تێدا دەبێت،یانیش یەك،یان زیاتر لەیەکێ لەوسیفەتانەیان تێدادەبێت."(٤٧).وەعەزیز گەردیش دەڵێت:"شتی هەستی ئەوەیە کەبەر فەرمانی هەستێك یاپتر بکەوێ،ئەبێ ئەوشمان لەبەرچاو بێت کە زاناکانی پەروەردە سەلماندوویانە کەتا ژمارەیەکی پتر لەو هەستانە بکەو نەکار لەناسین و فێربوونی شت،ئەوشتە باشتر ئەچێتە دڵەوە"(٤٨).هەژار فەقێ سلێمانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ودەڵێت:"واتا لەم جۆرەدا چوێنراو وپێچوێنراو هەستی بن،مەبەست لەم جۆرە ئەوەیە کە هەردوو لایەنە کە هەستیان پێ بکرێ وبەریەکێك لەپێنج هەستە دیارەکە بکەون،واتالەم چواندنەدا(چوێنراوو پێچوێنراو)هەستپێکراوبن"(٤٩).واتە لێکچواندنی هەستی بەهەستی هەردوو بنەما سەرەکێکە(لێچوو ولەوچوو)لەچوارچێوەی هەست بەدەرناکەون.

باشترین نموونەش لەهۆنراوەکانی صابری بۆ ئەم جۆرە لەم دێرە شیعرە دەردەکەوێت:

(یاخودا دینم قەوی کەی نەفس نابوودو نەوی کەی) (نەفس وەك مێشوولەوابێ تاعەتم مانەندی باد) دص(ل٨٢)

لێرەدابۆدووجار لێکچواندن کراوە هەردووجارەکەش هەر لەنیوەدێری دووەمە،بەڵام ئەوەی ئێمەمەبەستمانە زیاتر وێنەی دووەمە چونکە لەگەڵ ئەم جۆرە زیاتر دەگونجێ.

<u>وێنەی ١:</u> لێچوو/نەفس لەوچوو/مێشوولە ئەوزار/وەك ڕووی لێکچوون/نابوودو نەوی ١-هەستی بەهۆشی.

<u>وێنەی ٢:</u> لێچوو/تاعەتم لەوچوو/باد ئەوزار/مانەندی ڕووی لێکچوون/قەوی ٢-هەستی بەهەستی

یان دەڵێت:(ئاخ لەدەس نەفسی لەئێمە،تابیعی دێوی رجیمە

لائیقی ناری جەحیمە،تابیعی فیسق وفەساد)دص(ل٨٠)

لێرەدابۆدووجار لێکچواندن کراوە هەردوو جارەکەش هەر لەنیوە دێری دووەمە،بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە زیاتر وێنەی دووەمە چونکە لەگەڵ ئەم جۆرە زیاتر دەگونجێ.

<u>وێنەی ١:</u> لێچوو/نەفس لەوچوو/دێوی ١-هەستی بەهۆشی.

<u>وێنەی ٢:</u> لێچوو/نار لەوچوو/فیسق وفەساد٢-هەستی بەهەستی

<u>٢-هۆشی بەهۆشی:</u>لێکچواندنی هۆشی بەهۆشی،بەچەندین شێوەو جۆری تریش بەکارهاتووەو ووتراوە،وەکو{ژیری بەژیری ، یان ئەقڵی بەئەقڵی}،د-ئیدریس عبدوڵلا دەڵێت مەبەست لەئەقڵی بەئەقڵی ئەوەیە،"دوو بنەڕەتەکان(لێچوو ولەوچوو)بە ئەقڵ دەرکیان پێ دەکرێ،بەڵام بەرهیچ یەکە لەهەستەکان ناکەون، وەکو{ڕا،ڕەوشت،بەخت،هیوا،زانست،زیرەکی،ئازایەتی، توڕەیی،نەرم ونییانی} .کەواشبێ لێرەدا چ لێچوو وچ لەوچوو دەبێ ئەقڵی بن وبەر هیچ یەکە لەپێنج هەستەکان نەکەون"(٥٠).بەڵام هەژار دەڵێت"ئەمەش یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستی بەتواناوبیرکردنەوەیەکی باش هەیە کەهەردوولاژیری بن،

بەواتا هەردوولای چواندەکە بەهۆی هیچ کام لەهەستەکانەوە درکی پیٚ نەکریٚت،بەڵکو لەڕیٚگەی عەقل وئاوازو ژیرییەوە درکی پیٚبکریٚت،وەك چواندنی زانست بەژیان ونەزانین بەمردن."(٥١).وەهەروەها مامۆستاعەزیز گەردی وا ئاماژەی بۆی دەکات"شتی ژیری ئەو زاهیرە نفسی یانە ئەگریٚتەوە کە ناکەونە چەنبەری دەسەلاٌتی هەستەکانەوە.وەکو(زیرەکی،چالاکی، زانین،هیٚمنی،ئازایەتی،تورەیی،.)وەکوبلیٚ:(هیٚمنی پاوەتی یە).هەردووکیان شتی ژیرین،یاوەکو(درۆ بیٚ ئابڕویی یە)ئەوانەش هەردووکیان شتی ژیرین"(٥٢).جوانترین نموونەش لەهۆنراوەکانی صابری بۆ ئەم جۆرە لەم دیٚرە شیعرەدەردەکەویٚت:

(تیٚکەڵ بکە ماچیٚك وجنیٚویٚك موتەساوی) (ماچت شەکەرەو لەفزو چنیٚوت گوڵ و وەردە) دص(ل١٨٤)

لیٚرەدا بۆ دووجار لیٚکچواندن کراوە هەردووجارەکەش هەر لەنیوەدیٚری دووەمە،بەلاٌم ئەوەی ئیٚمەمەبەستمانە زیاتر ویٚنەی دووەمەچونکە بنەمای یەکەم کە لیٚچوو وە کە ئەویش هۆشی یە،هەروەها بنەمای دووەم لەوچوو بەهەمان شیٚوە هۆشی یە. ویٚنەی١: لیٚچوو/ماچت لەوچوو/شەکەرە ١-هۆشی/هۆشی

ویٚنەی٢: لیٚچوو/لەفزوچنیٚوت لەوچوو/گوڵ و وەردە ٢-هەستی/هۆشی

٣-هۆشی بەهەستی: ئەم جۆرە لە لیٚکچواندن هەریەکیٚك لەنوسەران بەشیٚوەیەك بۆی دەچن. بۆنموونە مامۆستاعەزیزگەردی واباسی دەکات"شتی ژیری ئەوەیەکەتەنها بەهۆش و بیرو لیٚکدانەوەبزانریٚ ونەکەویٚتە بەرپەلی هیچ یەکیٚ لەهەستەکانەوە،جا لیٚرەدا شتیٚکی ژیری بەشتیٚکی هەستی ئەچویٚنریٚ،ئەمەشیان زۆر بەتین وبەهیزە،چونکەلیٚ چوو کەشتیٚکی ژیری یەو هەستی پیٚ ناکریٚ لەگەلٌ لەوچوو کەشتیٚکی هەستی یە بەرامبەر یەك ئەکرین"(٥٣).وەهەروەهاد-ئیدریس عەبدولاٌ دەلٌیٚت:"ئەوەیە: لیٚچوو ئەقلٌی ولەوچووهەستی بیٚت ،ئەمەش لەبەرئەوە پەنای بۆ دەبریٚت،تائەوشتە ئەقلٌییەی نادیارەو بەگشتی خراوەتەڕوو بەشتیٚکی هەست پیٚکراو ببەستریٚتەوە،بۆئەوەی واتاکەی زیاترو جوانتردەربکەویٚت،وەکو ئەوەی ئازا بەشیٚرو دڕندەبەگورك و زانست بەڕووناکی وبەم شیٚوەیە ئەقلٌییەکان بەهەستییەکان بچویٚنریٚت"(٥٤).وەموحسین ئەحمەدگەردی بۆئەم جۆرەی لیٚکچواندن دەلٌیٚت:"ئەوەیە:بەبیروهۆش لیٚکدانەوەبزانریٚ، وەك:{بڕواو،ئابڕو،درۆ،ڕاستی،زیرەکی،هیٚمنی،هیٚوری،ئازایەتی،تورەیی}.یان ئەو شتە ئەفسانەییانە کەتەنهابەخەیالٌ بوونیان هەیە"(٥٥).کەچی هەژار فەقیٚ سلیٚمان حسین دەلٌیٚت:."لەم جۆرەیان داچویٚنراو ژیرییەوپیٚچویٚنراوهەستییە،واتاژیرییەك بەهەستییەك دەچویٚنریٚ"(٥٦).

نموونە لە هۆنراوەکانی صابری بۆ ئەم لیٚکچواندنە لەم دیٚرە شیعرە دەردەکەویٚت:

(ئەگەر خالیس نەبی نیەت بەتاڵەزیکرو جمعیەت) (بەرەنگ ئەیوب خاسیەت بەباگن خویی دەجالی) دص(ل٢٠١)

لێرەدابۆدووجار لێكچواندن كراوە هەردووجارەكەش هەرلەنیوە دێڕی دووەمە،بەڵام ئەوەی ئێمەمەبەستمانەزیاتر وێنەی دووەمە،چونكە لەگەڵ ئەم جۆرە زیاتر دەگونجێ وە لێرەدا لێچوو هۆشی یەو لەوچووش هەستی یە.

وێنەی یەكەم: لێچوو/كەسی نادیار لەوچوو/ئەیوب ئەوزار/رەنگ ١-هۆشی/هۆشی

وێنەی دووەم: لێچوو/كەسی نادیار لەوچوو/خویی دەجالی ٢-هۆشی/هەستی

یان دەڵێت:(بێ یادی خودا عومر بەزایع مەدەسۆفی) (شێرانە لەگەڵ ڕێوی نەفسا لە غەزابە) دص(ل١٧٥).

لێچوو/ ڕێوی لەوچوو/نەفس هۆشی/هەستی ئەوزار/نییە رووی لێكچوون/غەزابە

شاعیرلێرەدا دەرووونی بەئاژەڵی ڕێوی چواندووە.وەئەم جۆرەئەگەرلێكچواندنێكی هۆشی بەهەستی یە،بەڵام لەهەمان كاتیش دا لێكچواندنێكی ئاوەژووە،چونكەلەوچووكە"ڕێوی"یەكەوتۆتەپێش لێچووكە"نەفس"ە(٥٧).

٤-هەستی بە هۆشی: نوسەران هەر یەكێك بەشێوەیەك لەسەر ئەم جۆرە دەدوێن لەوانە هەژارفەقی سلێمان دەڵێت:"لەم جۆرەیاندا چوێنراو هەستییەو پێچوێنراو ژیرییە،واتا هەستییەك بەژیرییەك دەچوێنرێ"(٥٨).بەڵام مامۆستاعەزیز گەردی بەشێوەیەكی تر بۆی دەچێ و دەڵێت:"ئەوەیە كەشتێكی هەست پێ كراو بەشتێكی وابچوێنرێ كەزەینی بێت ونەكەوێتە بەر هیچ هەستێكەوە"(٥٩).وەد-ئیدریس عەبدوڵلا وا ئاماژەی بۆ دەكات ودەڵێت:."ئەم لێكچوواندنە،كە لێچووی هەستی و لەوچووی ئەقڵی بێت"(٦٠).جوانترین نموونەش لەهۆنراوەكانی صابری بۆ ئەم جۆرەلەم دێڕە شیعرە دەردەكەوێت: لێرەدا"صابری پێی وایە"نەفس"دەبێتە هۆی یاخی بوون ودوور كەوتنەوە لە خودا،لەلای دا هەر"نەفسە" وادەكات نزیك بینەوە لە ڕێگاكانی شەیتان"(٦١).

(صابری نەفسی خەبیس ودزدەستەكی شەیتانی پیس) (ڕێویەگەرتۆبەشێری"صوم"بۆی دیّیەجیهاد)دص(ل٨٢).

لێچوو/نەفسی صابری لەوچوو/ڕێوی ئەوزار/نییە رووی لێكچوون/نییە

"نەفس"لێرەدا بەخەبیس وتۆمەتبار ودز دادەنێ،كە ئەمانەش ئەتواری شەیتانە،"ڕێوی"ناوە،سیمبوڵی پیسی و خیانەت و لەهەمان كاتدا ترسنۆكی یە،واتە"نەفس"وەكو ڕێوی زووهەڵدێ ئەگەر تۆ بەشێری ڕۆژووگرتن ڕوو بەڕووی بیتەوە.واتەلێرەدا لێچوو هەستی یە ولەوچووش هۆشەیە.لەوێنەیەكی تردا دەگەڕێتەوە لای گورگ،كە ڕەمزی بەهێزییە:

(گورگی نەفسم خستە ناو"اغنام"ی عومری خۆمەوە)(ڕەنجەڕۆ خۆم وا بەجارێ عومری گەنجیم دا بەباد)دص(ل٨١)

لێچوو/نفس لەوچوو/گورگە ، لێچوو/صابری لەوچوو/اغنام ئەوزار/نییە ڕووی لێکچوون/نییە نەفس لێرەدا گورگە وتەمەنی"صابری"ش ئەومەڕو ماڵاتەیە،کە گورگ هەوڵی کوشتنیان دەدات،هەر ئەو گورگە دەبێتەهۆی بەفیڕۆ دانی تەمەنی گەنجێتی"صابری".لێرەدا شاعیر هاتووە ودووجار لێکچواندنی بەدیارخستووە لەم دێڕە شیعرە. مەبەستمان لەوێنەی یەکەمە کە لێچوو هەستییە و لەوچوو هۆشی یە.

**تەوەرەی دووەم**:.لێکچواندن بە پێی شێوەی دروست بوونی لە هۆنراوەکانی صابری دا.

١- لێکچواندنی ئاسایی:ئەم جۆرەپێك دێت لەدەرکەوتنی هەرچوار بنەماکان یان هەردوو بنەماسەرەکییەکان وەك لەم نموونەیە دەردەکەوێت:{شێرکۆدەڵێی شێرە لە ئازایەتی دا}.

{لێچوو/شێرکۆ }{لەوچوو/ شێرە}{ئەوزار/دەڵێی}{ڕووی لێکچوون/ ئازایەتی دا }

ئەم جۆرەش هەموو جۆرەکانی سەرەوە دەکرێتەوە...لە هۆنراوەکانی صابری شاعیر زۆر بەجوانی و زۆری دەردەکەوێ. وەك لەم نموونەیە: ( بیستومە کە پرسییە لە ئەحواڵی نەخۆشم

لەوساوە چ خۆشیمە ئەڵێی شاهی بوخارام )دص(ل١٤٧)

لێچوو/شاعیر لەوچوو/شاهی بوخارام ئەوزار/ئەڵێ ڕووی لێکچوون/خۆشی

٢-لێکچواندنی وێنەیی(لێکدراو): ئەوەیە وێنەیەك بە وێنەیەکی تر بچوێنی.هەروەها چەندین ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە:لەوانە،مامۆستا عەزیز گەردی دەڵێت:"لەم جۆرەدا لەجیاتی ئەوەی شتێك بەشتێکی تر بچوێنرێ، وێنەیەك بەوێنەیەکی تر ئەچوێنرێ.مەبەست لەوێنە ئەوەیە لەچەند پارچەیەکی زۆر پێك هاتبێ وئەو پارچانە بەڕەنگێکی وا تێك هەڵکشابن کەبوون بەیەك شت و وێنەیەکیان دروست کردبێ"(٦٢).

هەروەها هەژار فەقی سلیمان دەڵێت:"ئەم جۆرە یەکێکە لە جۆرە هەرە گرنگەکانی چواندن بەو هۆیەی شاعیر لێرەدا وەك وێنە کێشێك دەر دەردەکەوێت نووسین وبۆهاتنی ئەم جۆرەتەکنیکە کات و ساتێکی دەوێت و وردبینییەکی خۆڕسکانەش دەوێت"(٦٣).وەك دەزانین سەرتاپای شیعری(وەلی)بۆ(شەم)ووتراوە،هیچ تاقی کردنەوەیەکی هەستی لەمێشکی شاعیردا نەبووە بێ ئەوەی(شەم)لەخەیاڵیدا بێ.وەك لەم چەند دێڕە شیعرەی وەلی دێوانەکەبۆمان دەردەکەوێت:

( گوڵەن چەمەنن گوڵەن چەمەنن ) ( وەمەیلت دیدەم گوڵەن چەمەنن)

( وەهارەن سەوزەن ئاوەن پای کاوەن ) ( هاژەی وەفراوان شاخەی شەتاوەن)

( تەمەن دوو گەڵەن گەردەن غوبارەن ) ( فرمێسکەن چەمەن سەیلەن فووارەن) دو(ل١٧٣)

شاعیردیمەنێکی جوان وڕەنگینی بەهاری هەورامانی کێشاوە،ئەم هەمووسروشتە تەڕو ئاودارە شێت وشەیدای بیابانی نەجدە،هەروەك چۆن مەجنون لەدووری ولەیلا پەرێشان بووەوگیانی سپاردووە.هەروەهاش(وەلی)شێت و شیدایەئەگەر(شەم)لەدووری دا بێت.

(وەلی)لێرەدا ناوی(شەم)و(لەیلا)شی نەهێناوە،بەڵام مەبەستی ئەم دوو دڵبەرەیە وخۆی بە مەجنونیش ئەچوێنێ.بەلای شاعیرەوە بەهاری تەڕی کوردستان هەروەکو هاوینی ووشکی بیابانی نەجدە لەلای،ئەگەر شەمی دڵداری لەگۆڕێ نەبێ.واتەدوو وێنە لەم چەند دێڕەی شاعیر بەدەردەکەوێت:.

وێنەی ١: خۆشەویستی خۆی(وەلی)دێوانە لەگەڵ(شەم) بەخۆشەویستی (لەیلا) و(مەجنوون) ئەچوێنێ.

وێنەی ٢:جوانی بەهاری هەورەمان بەبیابانی نەجد ئەگەر شەمی دڵداری لەبەرچاودا نەبێ.

وەهەروەها دەربارەی ئەم جۆرە لە لێکچواندن دا،د-ئیدریس عەبدوڵلا دەڵێت:"ئەو لێکچواندنەیە،کە لەسەر شێوەی تابلۆییێکە وێنەی زیاتر لەشتێك دەکێشێ.کەوابێ:لێکچواندانی تەمسیلی ئەوەیەکەڕووی لێکچوونەکەی لەچەند شتێکەوە وەرگیرابێ.چونکەدوو وێنەکۆکراونەتەوە"(٦٤).کەچی موحسین گەردی دەڵێت:"ئەوەیەچەند شتێکی ئاوێتەکراوبچوێنی بەچەند ئاوێنەکراوی تر لەبەر هاوبەشی لەسیفەتدا.شاعیران پێوستیان بەبیرو ئەندێشەی زۆر هەیە بۆگوزارشت کردنی بەم شێوازە:

١-ڕوونکردنەوەی ماناومەبەست بەچواندنی وێنەیەك بەوێنەیەکی تر.

٢-بۆ ڕوونکردنەوەو پێشاندانی مەبەست ومانا،بەچواندنی تێکڕای وێنەیەك بەوێنەیەکی تر."(٦٥).

نموونەی ئەم جۆرەش لەشیعری صابری دا زۆر بەرچاوەو وێنەکانیشی ناوازەو دەگمەنن.

("صابری"یەعقووب ئەگەرچی"هیجر"ی یوسفی کوێری کرد)

(حەمدوسەبری کرد بەعادەت یووسفی بۆهاتەوە)دص(ل١٧٨)

لێچوو/صابری لەوچوو/یەعقوب ئەوزار/نییە ڕووی لێکچوون/"هیجر"ی یوسفی کوێری کرد

لێرەدا شاعیر هاتووەو دوو وێنەی بەیەکتری چواندووە.وێنەی دووری یاری صابری پاشان هاتنەوەی لەدوای چاوەڕوانییەکی زۆرەوە چواندووە بەوێنەی ژیانی پێغەمبەر یەعقوب و یوسف.

٣-لێکچواندنی پەسەندیدە.{المفچل}:

بۆئەم جۆرەلە لێکچواندن عەزیز گەردی وا پێناسەی دەکات:"وائەبێ ئەوکاتەی کەئەتەوێ شتێك بەشتێك تر بچوێنی لێ چوو پەسەندتر بکەی لە لەوچوو.."(٦٦).هەروەها هەژار فەقێ دەڵێت:"ئەم جۆرە لەدروستبووندا لێکچواندنێکی ئاساییە،بەڵام لە دوای دروستبوونی شاعیر پەشیمان دەبێتەوە لەوەی کەوتی،دەربڕینیکە دەری دەخات کەچوێنراو لە پێچوێنراو پەسەندترە، لەم جۆرەدا شاعیرشتێك بەشتێکی تر دەچوێنێ، لەدواییدا دەگەڕێتەوەو جوێنراو لە پێچوێنراو پەسەندتر دەکات،واتا هەر چەندەچوێنراوکەلەبنەڕەتدا سیفەتەکەی لاوازترەلەپێچوێنراو،بەڵام چوێنراو بەباشتروپەسەندتردادەنێت لە پێچوێنراو"(٦٧).

وەهەروەها موحسين ئەحمەد گەردی لەکتێبی بەهاری رەوانبێژی دەڵێت ئەوەیە:"لەجیاتی ئەوەی شتێك بەشتێکی تری هاوبەش لەسیفەتدا بەیەکتر بچوێنی،هەستی چوێنراو لەپێ چوێنراو بە پەسندترو بالأتر بزانی،هەروەها درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێت:ئەم چواندنە لەلایان زیادە ڕەوی و بەرزکردنەوەی بۆ سەرووی پێ چوێنراو زۆر لەچواندنی پێچەوانە نزیکە،بەلأم هەریەك بەشێوازی خۆی"(٦٨).

جوانترین نموونەش بۆئەم جۆرەش لەدێرەی شاعر(نالی)دەردەکەوێت:..

(لەخەوفی گهڵعەتی ، ڕۆژ هەر وەکو شێت) (بە ڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان) دن(ل٣٢١)

{لێچوو/ ڕوو } {لەوچوو/ ڕۆژ } {ئەوزار/} {ڕووی لێکچوون/}

لێرەدا نالی(شاعیر)ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕووی یارەکەی پەسەندترە لەلای ئەولە ڕۆژ ,بۆیە ڕۆژ لەترسا هەڵات وکەوتە کێوان,هەروەها لێکچواندنێك دەکات لە نێوان ڕووناکی ڕووی یارەکەی وڕووناکی ڕۆژ.

نموونەی ئەم جۆرەش لەشیعری صابری دا زۆر بەرچاوەو وێنەکانیشی ناوازەو دەگمەنن.

(تۆ کەدەرکەوتی مەه وئەستێرەشەو نووریان نەما )

( ڕۆژ کەمەیلت بێ لەمەحبوبان ئەسێنی خەرج وباج) دص(ل٧٤)

{لێچوو/تۆ} {لەوچوو/مەه وئەستێرە} {ئەوزار/} {ڕووی لێکچوون/}

یان دەڵێت: (خوڕ ڕەنگی نییە عاجزوداماوە لە کێوا ) ( ئەڵبەت قەمەری ڕوومەتی تۆی دیوە لە شێوە) دص(ل٥٠)

{لێچوو/ ڕوومەتی تۆی} {لەوچوو/ خوڕ} {ئەوزار/} {ڕووی لێکچوون/}

<u>٤– لێکچواندنی ئاوەژوو(لەخۆگر)(پێچەوانە):</u>

بۆپێناسە کردنی لێکچواندنی ئاوەژوو،موحسین ئەحمەد گەردی لەکتێبی بەهاری رەوانبێژی دەڵێت: "لێکچواندنی ئاوەژوو:واتەچواندنی پێ چوێندراو بەچوێنراو،بەجێ گۆڕکێ و پێچەوانە کردنیان بۆزیادەڕەوی لەمەبەست ومانا"(٦٩).وە ئیدریس عەبدوڵلأ لەکتێبی لایەنەڕەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا:دەڵێت: "بریتییە لەوەی لێچوو بکرێ بە لەوچوو،بەبیانووی ئەوەی ڕووی لێکچوون لەئەوەدا بەهێزترودیارترە.دیارەئەم جۆرە لێکچوواندنەش گرنگی تایبەتی هەیە وبەلای هەندێ لەڕەوانبێژان(ئەم وێنە لێکچواندنەمانا بەهێزدەکات). بۆ لێکچوواندنی هەڵکەڕێنراوە مەرج هەیەو پێوەرێکی مەنتیقی وجەمالی هەیە،ئەوە وا دەکات بزانرێت،کامە لێکچوواندن هەڵکەڕێنراوەیەوکامەیان ئاساییە"(٧٠).هەروها مامۆستاعەزیز گەردی بۆئەم جۆرەی لێکچواندن وا دەڵێت:"ئەویەکەلێکچواندنەکە وەربگێڕین،واتە لێچوو بکەین بە لەوچوو بەو لەوچوو بەنیازەی کەلێکچوونەکە لەوجوان وبەهێزترەتالەلەوچوو، ئەمەشیان زادەی هووشەکاری یە کەلەدوولاوە دەرئەکەوێ:

١-واپێشان ئەدا کە لێچوو بەتین وتەوژم ترەلەلەوچوودەربارەی لێکچوونەکە کەرچی لەراستیش دا وانی یە.

٢-بایەخ دان بەلەوچوو چ لەبارەی واتاوەچ لەبارەی رووخسارەوە"(٧١).ڕایەکی تر هەیەودەڵێت"ئەم لێکچواندنە پێچەوانەی لێکچواندنی ئاساییە،چونکە چوێنراو وپێچوێنراو جێگۆڕکێ دەکەن.واتە لەبنچینەدا سیفەتەزۆرەکەهی پێچوێنراوە،بەڵام لەم چواندنەدا بەپێچەوانەوە وا دەردەکەوێت کەسیفەتی چوێنراو زیاترە،بۆ ئەمەش وێنەیەکی هونەریی جوان دروست دەبێت"(٧٢).لێرەدا دەتوانین بەڵێن لێکچواندنی ئاوەژوو ئەوجۆرەیە کە بەپێچەوانەی جۆرەکانی لێکچواندنە بەشێوەیەکی نائاسایی دا دەرێژرێت وەپێچەوانەی لێکچواندنی ئاسایی یە، واتە لەوچوو دەکەوێتە پێش لێچووەوە،ئەمەش زۆرجار تەنها بۆتوانایی شاعیروجوانکاری یەوهەروەها کاریگەرو چالاکی یەك دەخاتە مێشکی خوێنەرەوەو وای لێی دەکات چێژێکی زیاتر وەربگرێت.جوانترین نموونەش لە هۆنراوەکانی صابری بۆ ئەم جۆرە لەم دێرە شیعرە دەردەکەوێت:.

(بەنووری حوسنی تۆشمس وقەمەربێ نوور وحەیرانن)(غەزال ولەعل وگەوهەرسێ لەچاوولێووڕەفتارت)دص(ل٦٤)

لێچوو/چاوو لێوو ڕەفتارت لەوچوو/غەزال ولەعل وگەوهەر ئەوزار/نییە ڕووی لێکچوون/نییە.

بەهۆی رووناکی تۆوەخۆرمانگ وبێ رووناکی یە،واتە رووناکی کچەکە بەهێزترەلە رووناکی خۆرومانگ،بەڵام لەنیوەدێڕی دووەم پێچەوانەی کردووە لەنێوان شوێنی{لێچوو ولەوچوو}هاتووە(غەزال ولەعل وگەوهەر) لەگەڵ(چاو ولێوو رفتار)چونکە دەبوایە هەرسێی دووەم لەپێشەوە بواین نەك لەکۆتایی.

<u>٥-لێکچواندنی ناڕاستەوخۆ(نائاشکرا){الچمنی}:</u>

د-ئیدریس عەبدوڵڵا لە کتێبی شیواز دەڵێت:"لێکچواندنێکە لێچوو ولەوچووی ناخرێتە نێو وێنەیەك لەوێنە ناسراوەکانی لێکچواندن،بەڵکولەدارشتن دا ئاماژەیان بۆدەکرێ وەلەرێگەی واتاوەدەزانرێت.هۆی پەنابردنی بۆ ئەم جۆرە لێکچوواندنە بۆئەوە دەگرێتەوە،کە:ئەو حوکمەی دراوەتە پاڵ لێچوو ئاساییە."(٧٣).موحسین ئەحمەد گەردی لەکتێبی بەهاری رەوانبێژی دەڵێت:"ئەو چواندنەیەچوێنراو وپێ چوێنراوی ڕاستەوخۆ لێ دەرناکەوێ،بەڵکو بەئاماژەو چەمکی مانا دەناسرێ وپێ چوێنراویش دەبێ بە بەڵگە لەسەر ڕاستی ئەوەی دراوەتە پاڵ چوێنراو.بۆلابردنی پەردەی گومان لەسەرشتی یەکەم."(٧٤).

وەك:.شاعر کامەران موکری دەڵێت:( ئەگەر چی شەماڵ نەرم ونیانە ) ( پەڕی گوڵاڵەش هەڵ ئەوەرێنێ )

(چاوی تۆش گەرچی ئازاری گیانە) (بەڵام پریشکی دڵ ئەسووتێنێ) دك(ل٢٧٣)

لێرەدا شاعیر بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لێکچواندنی کردووە,لەنێوان بای شەماڵ وچاوی یارەکەی,هەروەها لەنێوان هەڵوەرینی پەڕی گوڵاڵە بەهۆی بای شەماڵ وسووتانی دڵی بەهۆی ئازاردانی چاوی یارەکەی.واتە لێرەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پرۆسەی لێکچواندنەکە ئەنجام دراوە.بۆئەم جۆرەش نموونەی زۆر بەدەست دەکەوێت لەهۆنراوەکانی صابری دا:

وەك لەم دێرە شیعرەی: (ڕۆژێ وتم غونچەلەب مەقسوودی دڵ کەی دێتەجێ

فەرمووی مەگەروەختێ کەخوێناوی سروشکت بێ بە"شگ") دص(ل١١٧)

واتە:مەبەستی شاعیر دەڵێت ڕۆژێ بەخۆشەویستم ووت،لێو غونچەکەی ماچێکم پێ دەبەخشی ومەبەستی خۆشەویستی دڵەکەمە،یاریش وڵاَم دایەوە،ووتی کاتێ ماچت پێی دەبەخشم کەفرمێسکە خوێناوییەکانت ببێ بە دەریا.لێرەدا شاعیر فرمێسکی بە دەریا لێکچواندووە.{لێچوو/سروشك}{لەوچوو/شگ}

## ئەنجام

لێرەدا بەچەند خاڵێك هەوڵ ئەدین ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەدرخەین:-

١-صابری توانایەکی باشی هەیەلەبەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەگشتی ولێکچواندن بەتایبەتی

٢-لەهۆنراوەکانی دا هەر چوار جۆرەکانی ئەوزارکانی بەکارهێناوە:

أ-ئەو ئەوزارانەی کەلەبنچینەدا وشەی کوردین بریتین لە:{وەك, وەکو,دەڵێی, وێنە،قەد، ڕەنگ،..هتد}.

ب-ئەوئەوزارانەی کەلەبنچینەدا وشەی عەرەبین بریتین لە:{شبە,میالی،عینی،سورەت،...هتد}.

ج- ئەو ئەوزارانەی کەلەبنچینەدا وشەی فارسین بریتین لە:{مانەند}.

د- ئەوئەوزارانەی کەلەبنچینەدا وشەی هاوبەشن نێوان کوردی وفارسی بریتین لە:{ئاسا،چوون}.

٣-زۆرترین ئەوزار کە صابری بەکاری هێنابێ(وەك،وەکو)ە.

٤-صابری لێکچواندنی دوو سەرەی بەکار نەهێناوەلەشیعرەکانی دا.

٥-زۆرترین لێکچواندن کەصابری بەکاری هێنابێ لێکچواندنی ئاساییە.

٦-چەند ئەوزارێك بۆ یەك جار بەکاری هێناوە وەك{وەکوو،،،،،،،،}

٧-لێکچواندنەوەبناغەی هونەرێکی دیکەی گرنگی ڕوونبێژییە، کەئەویش(خواستن)ە. لەهۆنراوەکانی صابری بەجوانترین شێوە بەکاری هێناوە.

٨-صابری چەند ئەوزارێك بەهیچ شێوەیەك بەکاری نەهێناوە لەوانە:(لەوئەکا،لەودەکا،لەودەچێ).

٩-وشەی سیفەت وەك ڕووی لێکچوون بەکاری هێناوەکەچی لەلای عەرەب وەك ئەوزار بەکاردێت

## پەراوێز

**بەشی یەکەم:**

١- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردی دا،بەرگی یەکەم،چ دار الجاحظ،١٩٧٢ز، ل.١٤
٢- هەمان سەرچاوە،ل ١٥.
٣- ابی عیمان عمروبن محبوب الملقب بالجاحظ،رسائل الجاحظ(الرسائل الأدبیه)،تقدیم وتبویب:د.علی بوملحم،گ الاخیره،دار مکتبه الهلال، بیروت-لبنان،٢٠٠٤م،ص.٥٣
٤- عەزیز گەردی، هەمان سەرچاوە،ل ١٦.
٥- د.دیزییره سقال،علم البیان بین النظریات والاصول،دار الفکر العربی،گ١،بیروت-لبنان،١٩٩٧م،ص.٣٢
٦- د-ناصر حلاوی وأخرون،البلاغه والتطبیق للصف الخامس الادبی،گ١٦،جمهوریه العراق وزاره التربیه،٢٠٠٧م،ص.٥
٧- علا الدین سجادی،مێژووی ئەدەبی کوردی،چ دووەم،چاپخانەی معارف،بەغداد،١٩٧١ز،ل٥٨.
٨- د. عەبدوڵلا خدر مەولوود،لێکۆڵینەوەیەك لەشیعری حەمدی،چ یەکەم،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر،٢٠٠٤ز،ل١٤٧.
٩- حەمە نوری عومەر کاکی،شێواز لەشیعری کلاسیکی کوردیدا،مەڵبەندی کوردۆلۆجی،چ یەکەم،سلێمانی،٢٠٠٨ز،ل٩٨.
١٠- د.ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز، چاپخانەی منارە،هەولێر،٢٠١٢ز،ل.٦١
١١- عەزیز گەردی ،سەرچاوەی پێشوو،ل.١٧
١٢- علی جارم-مصطفی أمین،البلاغه الواضحه،گ الأخیر،دمشق،٢٠٠٧م،ص.٢٦
١٣- د.دیزییره سقال،علم البیان بین النظریات والاصول،دار الفکر العربی،گ١،بیروت-لبنان،١٩٩٧م،ص.١٤٥
١٤- قورئانی پیرۆز:سورەتی ابراهیم ئایەتی(٤).
١٥-قورئانی پیرۆز:سورەتی الرحمن(١-٤).
١٦-سعدالدین مسعود بن عمر التفتازانی،المطول شرح تلخیص المفتاح،گ ١،دار أحیاو التراپ العربی،بیروت-لبنان،٢٠٠٤م،ص.٥٦
١٧ د-ناصر حلاوی وأخرون،نفس المصدر،ص٥.
١٨- علی جارم-مصطفی أمین،نفس المصدر،ص.٢٦
١٩- عەزیز گەردی،سەرچاوەی پێشوو،ل.١٨
٢٠- علی جارم-مصطفی أمین،نفس المصدر،ص٣٤٦.
٢١-د-ئیدریس عەبدوڵلا،جوانکاری لەئەدبی کوردیدا،سەردەم،سلیمانی،٢٠٠٣ز،ل٩.

٢٢- قورئانى پيرۆز:سورەتى بقره ئايەتى(١١٧)
٢٣- د. عەبدوڵلا خدر مەولوود،هەمان سەرچاوە،ل.١٥٢
٢٤- د-ناصر حلاوي وأخرون،نفس المصدر،ص٥.
٢٥- د-ناصر حلاوي وأخرون،نفس المصدر،ص٤.
٢٦- على جارم-مصگفى أمين،نفس المصدر،ص.١٨٤
٢٧- د-عەبدوڵلا خدر مولوود،لێكۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی،چ:١،هەولێر، ٢٠٠٤،ل.١٤٨
٢٨- علاوالدين سجادی،خۆشخوانی،چ یەكەم،چاپخانەی مەعارف،بەغدا،١٩٧٨ز،ل.٤٤
٢٩- د-دڵشاد عەلی،دیلان وتاقیكردنەوەی شیعری،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،چ:١ ،سلیمانی،٢٠٠٧،ل.١٧٠
٣٠- د-ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز، چ:١، هەولێر ، ٢٠١٢ز، ل.٦٢
٣١- هەژار فەقێ سلێمان حسێن،ڕوونبێژی لەشیعری مەحوی دا،چ:١سەردەمسلێمانی٢٠١٤، ل٤٩
٣٢-موحسین ئەحمەد مصگفی گەردی،بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی-ڕوونبێژی-جوانكاری)،چ:١،نارین،هەولێر،٢٠١٣،ل١٢٠ .
٣٣- عەزیز گەردی،هەمان سەرچاوە،ل.٢٣
٣٤- عەزیز گەردی،هەمان سەرچاوە،ل.٢٤
٣٥-موحسین ئەحمەد مصگفی گەردی،بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی-ڕوونبێژی-جوانكاری)،چ:١،نارین،هەولێر،٢٠١٣،ل١٢٣.

بەشی دووەم:

٣٦- سەردار ئەحمەد گەردی،ئەوزاری لێكچواندن لەشیعری كوردیدا،گ،ڕۆشنبیری نوێ،ژ(١٤٤)،ساڵی ٢٠٠٠ز،ل٧٣-٨٠
٣٧- عەزیز گەردی،ڕەوابێژی لەئەدەبی كوردی دا،بەرگی یەكەم،(دار الجاحڤ)،بەغدا،ل.٢٥
٣٨- د-ئیدریس عەبدوڵلا، لایەنە رەوانبێژییەكان لەشیعری كلاسیكی كوردیدا، چ:١، هەولێر ، ٢٠١١ز، ل١٤٢
٣٩- سەردار ئەحمەد گەردی،هەمان سەرچاوە، ل٧٣-.٨٠
٤٠- د-احمد مكلوب،البلاغه العربيه،دار الكتب للگباعه والنشر،بغداد،١٩٨٠،ص.١٧٥
٤١- سەردار ئەحمەد گەردی،هەمان سەرچاوە، ل٧٣-٨٠ .
٤٢- سەردار ئەحمەد گەردی،هەمان سەرچاوە، ل٧٣-٨٠ .
٤٣- سەردار ئەحمەد گەردی،هەمان سەرچاوە، ل٧٣-٨٠ .
٤٤- سەردار ئەحمەد گەردی،ئەوزاری لێكچواندن لەشیعری كوردیدا،گ،ڕۆشنبیری نوێ،ژ(١٤٥)،ساڵی ٢٠٠٠ز،ل٥٤-.٦١
٤٥- سەردار ئەحمەد گەردی،هەمان سەرچاوە، ل٥٤-.٦١

**بەشی سێ یەم:**

٤٦-موحسین ئەحمەد مصگفی گەردی،بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی-ڕوونبێژی-جوانکاری)،چ:١،نارین،هەولێر،٢٠١٣،ل.١٣٢.

٤٧- د-ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز، چ:١، هەولێر ، ٢٠١٢ز، ل.٦٦.

٤٨- عەزیز گەردی،ڕەوابێژی لەئەدەبی کوردی دا،بەرگی یەکەم،(دار الجاحڤ)،بەغدا،ل.٣٩.

٤٩- هەژار فەقێ سلێمان حسێن،ڕوونبێژی لەشیعری مەحوی دا،چ:١،سەردەم، سلێمانی،٢٠١٤،ل٥٤.

٥٠- د-ئیدریس عەبدوڵلا، لایەنە رەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چ:١، هەولێر ، ٢٠١١ز،ل١٢٨ .

٥١- هەژار فەقێ سلێمان حسێن،ڕوونبێژی لەشیعری مەحوی دا،چ:١،سەردەم، سلێمانی،٢٠١٤،ل.٦٠

٥٢- عەزیز گەردی،ڕەوابێژی لەئەدەبی کوردی دا،بەرگی یەکەم،(دار الجاحڤ)،بەغدا،ل٤٠

٥٣- عەزیز گەردی،ڕەوابێژی لەئەدەبی کوردی دا،بەرگی یەکەم،(دار الجاحڤ)،بەغدا،ل.٤٠

٥٤- د-ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز، چ:١، هەولێر ، ٢٠١٢ز،.٦٩

٥٥- موحسین ئەحمەد مصگفی گەردی،بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی-ڕوونبێژی-وانکاری)،چ:١، نارین،هەولێر،٢٠١٣،ل.١٣٢

٥٦- هەژار فەقێ سلێمان حسێن،ڕوونبێژی لەشیعری مەحوی دا،چ:١،سەردەم، سلێمانی،٢٠١٤،ل٥٧.

٥٧-شنۆئەحمەد غفور،شیکردنەوەیەکی دەروونی بۆهەردووچەمکی"نەفس"و"نامۆیی"لەلای صابری،گ،گزنگ،ژ(٩٢)، کەرووک،٢٠١١ز،ل٦٧-.٨٠

٥٨- هەژار فەقێ سلێمان حسێن،ڕوونبێژی لەشیعری مەحوی دا،چ:١،سەردەم، سلێمانی،٢٠١٤،ل٥٦.

٥٩- عەزیز گەردی،ڕەوابێژی لەئەدەبی کوردی دا،بەرگی یەکەم،(دار الجاحڤ)،بەغدا،ل٤٠.

٦٠- د-ئیدریس عەبدوڵلا، لایەنە رەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چ:١، هەولێر ، ٢٠١١ز،ل.١٣٠

٦١-شنۆئەحمەد غفور،هەمان سەرچاوە،ل٦٧-.٨٠

٦٢- عەزیز گەردی،ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردی دا،بەرگی یەکەم،(دار الجاحڤ)،بەغدا،ل.٥٠

٦٣- هەژار فەقێ سلێمان حسێن،ڕوونبێژی لەشیعری مەحوی دا،چ:١،سەردەم، سلێمانی،٢٠١٤،ل٩٠.

٦٤- د-ئیدریس عەبدوڵلا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چ:١، هەولێر ، ٢٠١١ز،ل١٣٦

٦٥- موحسين ئەحمەد مصگفی گەردی،بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی-ڕوونبێژی-وانکاری)،چ:١،نارین،هەولێر،٢٠١٣،ل.١٥٣

٦٦- عەزیز گەردی،ڕەوابێژی لەئەدەبی کوردی دا،بەرگی یەکەم،(دار الجاحظ)،بەغدا،ل.٤٨

٦٧- هەژار فەقێ سلێمان حسێن،ڕوونبێژی لەشیعری مەحوی دا،چ:١،سەردەم، سلێمانی،٢٠١٤،ل٩٥.

٦٨- موحسین ئەحمەد مصگفی گەردی،بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی-ڕوونبێژی-وانکاری)،چ:١،نارین،هەولێر،٢٠١٣،ل١٤٧.

٦٩-موحسین ئەحمەد مصگفی گەردی،بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی-ڕوونبێژی-جوانکاری)،چ:١،نارین،هەولێر،٢٠١٣،ل.١٤٣

٧٠- د-ئیدریس عەبدوڵلا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چ:١، هەولێر ، ٢٠١١ز،ل١٣٩

٧١- عەزیز گەردی،ڕەوابێژی لەئەدەبی کوردی دا،بەرگی یەکەم،(دار الجاحظ)،بەغدا،ل٤٥.

٧٢- هەژار فەقێ سلێمان حسێن،ڕوونبێژی لەشیعری مەحوی دا،چ:١،سەردەم، سلێمانی،٢٠١٤،ل٩٣.

٧٣-د-ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز، چ:١، هەولێر ، ٢٠١٢ز،ل٧٤.

٧٤-موحسین ئەحمەد مصگفی گەردی،بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی-ڕوونبێژی-جوانکاری)،چ:١،نارین،هەولێر،٢٠١٣،ل١٤٨

## سەرچاوەکان

*قورئانی پیرۆز.

١) سەرچاوەکوردییەکان:

أ/پەرتووك:

١- د-ئیدریس عەبدوڵلا،جوانکاری لەئەدبی کوردیدا،سەردەم،سلیمانی،٢٠٠٣ز .

٢- د-ئیدریس عەبدوڵلا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چ:١، هەولێر ، ٢٠١١ز .

٣- د.ئیدریس عەبدوڵلا، شێواز، چاپخانەی منارە،هەولێر،٢٠١٢ز.

٤- حەمە نوری عومەر کاکی،شێواز لەشیعری کلاسیکی کوردیدا،مەڵبەندی کوردۆلۆجی،چ یەکەم،سلێمانی،٢٠٠٨ز.

٥- د-دڵشاد عەلی،دیلان وتاقیکردنەوەی شیعری،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،چ:١ ،سلیمانی،٢٠٠٧ .

٦- عەزیز گەردی، رەوانبێژی لەئەدەبی کوردی دا،بەرگی یەکەم،چ دار الجاحظ،١٩٧٢ز.

٧- علا الدین سجادی،مێژووی ئەدەبی کوردی،چ دووەم،چاپخانەی معارف،بەغداد،١٩٧١ز.

٨- د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود،لێکۆڵینەوەیەك لەشیعری حەمدی،چ یەکەم،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر،٢٠٠٤ز.

٩- علاوالدین سجادی،خۆشخوانی،چ یەکەم،چاپخانەی مەعارف،بەغدا،١٩٧٨ز.

١٠- موحسین ئەحمەد مصگفی گەردی،بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی-ڕوونبێژی-جوانکاری)،چ:١،نارین،هەولێر،٢٠١٣ .

١١- هەژار فەقێ سلێمان حسێن،ڕوونبێژی لەشیعری مەحوی دا،چ:١،سەردەم،سلێمانی،٢٠١٤ .

<u>ب// دیوانی شاعیران:</u>

١-پیرە مێرد،ئومید ئاشنا، چاپخانەی ئاراس،هەولێر،ب١،٢٠٠١ز .

٢-حاجی قادری کۆیی ،لێکۆڵینەوەی سەردار حەمید میران وکەریم مستەفا شارەزا،شارەکتێبی میدیا،سنە،٢٠٠٧ز .

٣-حەمدی،چ١،جەمال محەممەد محەممەد ئەمین،چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی،١٩٨٤ز .

٤-صابری ،چ٢،شێخ عەبدولڕەحمان شێخ نەجمەدین صابری،چاپخانەی ئاسیا،کەرکووك،٢٠٠٨ز

٥-کامەران موکری،چ١،عەبدوڵڵا عەزیز خالد،چاپخانەی(الپقافەوالشباب)،بەغدا،١٩٨٨ز .

٦-کوردی،چ١،محمد مستەفا"حەمەبۆر"، چاپخانەی ئاراس،هەولێر،ب٢٠١٠،١ز .

٧-مەحوی،مەلا عبدالکریمی مدرس ومحمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغدا،١٩٧٧ز .

٨-مەولەوی،چ١،مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس،ئا،حەسەن گۆران وموحەمەدحیجازی،چاپخانەی کتابخانەملی ایران،٢٠٠٤ز .

٩-نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس وفاتح عبدالکریم ومحمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغدا،١٩٧٦ز .

١٠-وەلی دێوانە،لەسەر ئەرك وچاودێری وکۆکردنەوەی مەحموود خاکی،سلێمانی،١٩٧٠ز .

<u>ج// ڕۆژنامەوگۆڤارەکان:</u>

١- سەردار ئەحمەد گەردی،ئەوزاری لێکچواندن لەشیعری کوردیدا،گ،ڕۆشنبیری نوێ،ژ(١٤٤)،ساڵی ٢٠٠٠ز،ل٧٣-٨٠ .

٢- سەردار ئەحمەد گەردی،ئەوزاری لێکچواندن لەشیعری کوردیدا،گ،ڕۆشنبیری نوێ،ژ(١٤٥)،ساڵی ٢٠٠٠ز،ل .

٣-شنۆئەحمەدغفور،شیكردنەوەیەكی دەروونی بۆ هەردوو چەمكی"نەفس"و"نامۆیی"لەلای صابری،گ،گزنگ،ژ(٩٢)، كەرووك،٢٠١١ز،ل٦٧-٨٠.

٢) سەرچاوەعەرەبییەكان:

أ/ پەرتووك:

١-ابى عيمان عمروبن محبوب الملقب بالجاحڤ،رسائل الجاحڤ(الرسائل الٲدبيه)،تقديم وتبويب:د.على بوملحم،گ الاخيره، داروكتبه الهلال، بيروت-لبنان،٢٠٠٤م .

٢- د-احمد مگلوب،البلاغه العربيه،دار الكتب للگباعه والنشر،بغداد،١٩٨٠م .

٣- د.ديزييره سقال،علم البيان بين النڤريات والاصول،دار الفكر العربى،گ١،بيروت-لبنان،١٩٩٧م

٤- سعدالدين مسعود بن عمر التفتازانى،المگول شرح تلخيص المفتاح، گ ١،دار أحيا و التراپ العربى،بيروت-لبنان،٢٠٠٤م .

٥- على جارم-مصگفى أمين،البلاغه الواچحه،گ الٲخير،دمشق،٢٠٠٧م.

٦- د-ناصر حلاوى وأخرون،البلاغه والتگبيق للصف الخامس الادبى،گ١٦،جمهوريه العراق وزاره التربيه،٢٠٠٧م .

## ملخص البحث

التشبيه هو من ابرز الفنون البلاغية بصورة عامة ومن أبرز الفنون البيانية خاصةً ،وقد أخذت حيزاً واسعاً في كتابة الشعر،لهذا نستطيع أن نقول أن الشعر لايستغني عن التشبيه لكونهِ من ابرز سمات الفن التصويري في الشعر .

صابرى من ابرز شعراء الشعر الكوردى في عصره وهو من شعراء المجيدين في فن التشبيه ،وتظهر بصمة الشاعر جلية من خلال نتاجاتهِ الشعرية، ففي بحثي الموسوم(التشبيه في قصائد صابري)،تطرقتُ الى ثلاثة أقسام، في القسم الاول نُعرف علم البلاغة واقسامه والتشبيه.أما في القسم الثاني على ضوء الامثلة الشعرية للشاعر ،نتطرق الى أقسام التشبيه بأعتبار أركانه الرئيسية والثانوية وانواع أدوات التشبيه في أشعار صابرى،لكن القسم الثالث ينقسم على محورين، ألآول يشير الى انواع التشبيه من حيث الحسي والعقلي ،وفي المحور الثاني نحدد أنواع التشبيه عند الشاعر بحسب ظهوره،